تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات

XEBAT

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5823)یەک شەممە 8ی ئەیلوول 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

پەیامی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی سی و یەک ساڵەی داستانی خواکوڕک

پێشمەرگە توانی ئومێد لە ناخی گەلی کوردستاندا بە زیندوویی بهێڵێتەوە



ڕۆژی پێنج شەممە 5ی9ی2019 بەبۆنەی سی و یەک ساڵەی تۆمارکردنی داستانی خواکوڕک، سەرۆک بارزانی لە پەیامێکدا ڕایگەیاند "لە داستانی خواکوڕکدا سەرباری نابەرابەری لە چەک و سوپادا پێشمەرگە توانی گورزی گەورە لە دوژمن بدات و ئومێد لە ناخی گەلی کوردستاندا بە زیندوویی بهێڵێتەوە".

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

ئەمڕۆ سی و یەکەمین ساڵیادی داستانی خواکوڕکە. لەو داستانەدا پێشمەرگە بە خۆڕاگری و قوربانیدان بۆ دوژمن و داگیرکاری سەماند کە ئیرادە و قوربانیدان لە هەموو چەکێک بەهێزترە و سەرکەوتن بۆ ئەوانە دەبێت کە خاوەن قەزییەیەکی ڕەوان.

لە داستانی خواکوڕکدا سەرباری نابەرابەری لە چەک و سوپادا پێشمەرگە توانی گورزی گەورە لە دوژمن بدات و ئومێد لە ناخی گەلی کوردستاندا بە زیندوویی بهێڵێتەوە.

لەو یادە پیرۆزەدا سلاو لە ئیرادەی پۆڵایینی پێشمەرگە و سلاو لە شەهیدانی ئەو داستانە و هەموو شەهیدانی ڕێگەی ئازادیی کوردستان.

مسعود بارزانی
5ی9ی2019

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە هاوسەرۆک و شاندێکی باڵای پارتی دیموکراسیی گەلان (هەدەپە) دەکات

هیچ کێشەیەک بە کێشەی گەلی کوردیشەوە بە شەڕ و توندوتیژی چارەسەر ناکرێت



لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە سەزای تەمەللی هاوسەرۆکی پارتی دیموکراسیی گەلان (هەدەپە) و جێگری هاوسەرۆک و ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی ئەو حزبە لە پەرلەمانی تورکیا کرد. لە دیدارەکەدا هاوسەرۆکی هەدەپە پێزانینی هەبوو بۆ ڕۆڵی سەرۆک بارزانی لە هاوکێشە سیاسییەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و خەبات و پێشخستنی دۆزی ڕەوای گەلی کورد. هەروەها کورتەیەکی لە بارودۆخی سیاسیی تورکیا و کێشەی گەلی کورد لە ولاتە و، سیاسەت و دیدگەی حزبەکەی لەمەڕ چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد و بەدیهێنانی ئاشتی و تەبایی نێوان گەلانی ناوچەکە و وەدەستخستنی یەکڕیزی و یەکگوتاریی لایەنە کوردییەکان بۆ سەرۆک بارزانی شی کردەوە. داوایشی کرد کە سەرۆک بارزانی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕۆڵ و پێگەیەی کە لەناو کوردستان و ناوچەکەدا هەیەتی، یارمەتیی چارەسەری ئاشتیانە و سیاسییانەی کێشەی کورد بدات. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

کێشە هەڵپەسێردراوەکان و بودجە و دارایی و نەوت و گاز تاوتوێ دەکرێن

ئەمڕۆ سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانییەکانی بەغدا کۆدەبێتەوە



خەبات: مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانییەکان بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە دیاریکراوی بودجە و دارایی و نەوت و گاز کۆدەبێتەوە.

سەرچاوەیەک لە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ خەبات ڕایگەیاند: ئەمڕۆ یەکشەممە 2019/9/8 کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەنێوان مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت و شاندێکی حکوومەتی هەرێم لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجامدەدرێت.

سەرچاوەکەی ئەنجوومەنی وەزیران سەبارەت بە ئەجێندای کۆبوونەوەکە، گوتیشی: کۆبوونەوەکە بۆ گفتوگۆکردنە لەبارەی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی لە بواری بودجە و دارایی و نەوت و گاز. کۆبوونەوەکە لە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی پەرلەمانتارانی هەموو فراکسیۆنەکان لە شاری هەولێر بەڕێوەدەچێت.

ڕۆژانی دابێ گۆڕانکاری لە حکوومەتدا دەکرێت

نوێنەرێکی کریستیانەکان ئاشکرای کرد، ڕۆژانی دابێ دەست بە گۆڕانکاریی نێو حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت و دەشڵێ، گۆڕانکارییەکان لە خوار پۆستی وەزیرەوە دەست پێ دەکات تا خوارەوە و بڕیاریشە لە گۆڕانکارییەکاندا ژمارەیەک پۆست بۆ کریستیانەکان تەرخان بکرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

خەسرەو گۆران:

پارتی بە زەلیلی بۆ کەرکووک ناگەڕێتەوە

بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە پێویستی دەزانێت حزب و لایەنە کوردییەکان یەکهەڵوێست بن بۆ بەشداریکردن یاخود ڕەتکردنەوەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە ناوچە کێشە لەسەرەکان، کە بڕیارە لە ساڵی داهاتوو ئەنجام بدرێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

سەرمایەی وەبەرهێنان لە 40 ملیار دۆلارەوە بۆ 80 ملیار بەرزدەکرێتەوە

گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان، یاسین مەحمود ئاماژەی بەوەکرد لەو 10هەزار پرۆژەیەی پێشتر بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعشەوە وەستابوون، ڕێژەی 70٪یان دەستیان پێکردووەتەوە. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**



ڕۆژانە هەزاران عەرەبی هاوردە لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان جێگیر دەکرێن

ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر هەڵێکی زێڕینیان بە دەسەڵاتدارانی بەغدا بەخشی بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندیی خۆیان بڕیاری بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بدەن. ئەگەر بەم دۆخەی ئێستاوە هەڵبژاردن بکرێت، کورد لە کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان زەرەرمەندی یەکەم دەبێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

عەلی عەونی: پارتی پێویستی بە ئەنجوومەنی سیاسی نییە

عەلی عەونی، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی دەنگۆی پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی سیاسی بۆ پارتە سیاسییەکان ڕایگەیاندووە، پارتی داوای پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی لەو شێوەیەی نەکردووە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

گەڕانەوەی ئاوارەکان بە هیچ شێوەیەک قەدەغە نەکراوە

ڕێکخراوی هیومان رایتس وۆچ ڕاپۆرتێکی بڵاوکردۆتەوە بە ناوی "هەرێمی کوردستانی عێراق: ڕێگا لە عەرەبەکان دەگرێت بۆ گەڕانەوە" و تێیدا حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەوە تاوانبار دەکات کە ڕێگا نادات نزیکەی 4200ی دانیشتووی 12 گوندی ڕۆژهەلاتی مووسڵ بگەڕێنەوە سەرزێدی خۆیان و تەنیا ئەو کەسانە نەبێت کە پەیوەندییان لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە. لە وەڵامدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ (هیومان رایتس وۆچ) بەردەوام ڕاپۆرت سەبارەت بە ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە جیهان بڵاوکردەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە هاوسەرۆک و شاندێکی باڵای پارتی دیموکراسیی گەلان (هەدەپە) دەکات

سەرۆک بارزانی: هیچ کێشەیەک بە کێشەی گەلی کوردیشەوە بە شەڕ و توندوتیژی چارەسەر ناکرێت

بۆ یارمەتیدانی چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیا و بەشەکانی تر لە هیچ هەوڵێک دریغی ناکەم



دوێنێ شەمە 7ی9ی2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە سەزای تەمەللی هاوسەرۆکی پارتی دیموکراسیی گەلان (هەدەپە) و جێگری هاوسەرۆک و ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی ئەو حزبە لە پەرلەمانی تورکیا کرد.

لە دیدارەکەدا هاوسەرۆکی هەدەپە پێزانینی هەبوو بۆ رۆڵی سەرۆک بارزانی لە هاوکێشە سیاسییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خەبات و پێشخستنی دۆزی ڕەوای گەلی کورد.

هەروەها کورتەیەکی لە بارودۆخی سیاسیی تورکیا و کێشەی گەلی کورد لە وڵاتە و، سیاسەت و دیدگەی حزبەکەی لەمەڕ چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد و بەدیهێنانی ئاشتی و تەبایی نێوان گەلانی ناوچەکە و وەدەستخستنی یەکڕیزی و یەکگوتاریی لایەنە کوردییەکان بۆ سەرۆک بارزانی شی کردەوە. داوایشی کرد کە سەرۆک بارزانی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو رۆڵ و پێگەیەی کە لەناو کوردستان و ناوچەکەدا هەیەتی، یارمەتیی چارەسەری ئاشتیانە و سیاسییانەی کێشەی کورد بدات.

لای خۆیەوە سەرۆک بارزانی سەردانی شاندی هەدەپەی بۆ هەرێمی کوردستان بە گرنگ وەسف کرد و وتیڕای ئاماژەدان بەوەی کە هەر پارچەیەک لە کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ڕایگەیاند بۆ دووركەوتنەوە لە ئاڵۆزییەکان پێویستە لایەنە کوردییەکان ڕەچاوی ئەو تایبەتمەندییانە بکەن کە لە هەر بەشێکی کوردستاندا هەیە.

جەختیشی لەوە کردەوە کە هیچ کێشەیەک بە کێشەی گەلی کوردیشەوە بە شەڕ و توندوتیژی چارەسەر ناکرێت و دواجار دەبێ ڕێگەچارەی سیاسی و ئاشتیانە سەر بکەوێت. سەرۆک بارزانی لە دریژەی وتەکانیدا ئەوەی بە شاندی میوان ڕاگەیاند کە بۆ یارمەتیدانی چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیا و بەشەکانی تر لە هیچ هەوڵێک دریغی ناکات و ئەوەی لە دەستی بێت بۆ ئەم مەبەستە ئەنجامی دەدات. سەرۆک بارزانی داوایشی لە شاندی میوان کرد کە سەرباری ئاڵۆزی و بوونی گرفتی قوڵ بە هیچ شێوەیەک لە چارەسەری ئاشتی نائومێد نەبن و ڕێگەیش نەدەن کە بوونی ناکۆکیی سیاسیی ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکیی نەتەوەیی نێوان کورد و تورک.

جێگەی ئاماژەپێکردنە لەو دیدارەدا فازڵ میرانی سکرتێر و هۆشیار زێباری ئەندامی مەکتەبی سیاسی و عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییە نێشتیمانییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەفین دزەیی بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێم ئامادە بوون.



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە سەلیم جبووری کرد

ڕۆژی پێنجشەمە 5ی9ی2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە سەلیم جبووری، ئەمینداری گشتیی حزبی گردبوونەوەی مەدەنیی چاکسازی -(کار)ی عێراقی کرد.

لە دیدارەکەدا کە عەلی حوسێن، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەی بوو، دوایین گۆڕانکاری و پێشهاتە سیاسییەکان لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە خرایە بەرباس و بەڕێز جبووری ڕۆڵی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستانی لە ڕاستەڕێکردنی پڕۆسەی سیاسی و سەقامگیری و بنیاتنانی دەوڵەتی مەدەنی، بەرز نرخاند. هەروەها جەخت لەسەر بەردەوامیی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا و هەماهەنگیی سیاسی و پەرلەمانی کرایەوە.


عەلی عەونی:

پارتی پێویستی بە ئەنجوومەنی سیاسی نییە

عەلی عەونی، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی دەنگۆی پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی سیاسی بۆ پارتە سیاسییەکان ڕایگەیاندووە، پارتی داوای پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی لەو شێوەیەی نەکردووە. عەلی عەونی بەخەباتی ڕاگەیاند: لە هەندێ سایت و پەیجی سۆشیال میدیا، هەواڵێک بڵاوکراوەتەوە کە گوایە پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدایە ئەنجوومەنێکی سیاسی بۆ حزبە سیاسییەکان دروست بکات، بەڵام ژمارەیەک وڵات ڕێگرییان لەو هەوڵە کردووە. عەونی گوتیشی: سەرتاپای ئەوە هەواڵە هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە و چەواشەکارییەکی بێ بنەمایە. نە سەرۆک بارزانی و نە پارتی دیموکراتی کوردستان، نە داوای دروستکردنی ئەنجوومەنێکی لەو شێوەیان کردووە و نە بەپێویستیشی دەزانن. عەلی عەونی ڕاشیگەیاند: هەر بابەتێکیش پەیوەندیی بە ناوخۆی کوردستانەوە هەبێت، پارتی خاوەنی ڕا و بڕیاری خۆیەتی و نە پێشتر و نە ئێستا و نە داهاتووش، ویسایەی هیچ لایەک قەبوڵ ناکات.

سەزای تەمەللی: سەرۆک بارزانی نەک تەنها بۆ کورد بەڵکو بۆ ناوچەکەش گرنگە

چارەسەرکردنی پرسی کورد لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەنگاوێکی گرنگ دەبێت



خەبات: دوێنێ شەمە 7ی9ی2019شاندێکی پارتی دیموکراتی گەلان "هەدەپە" بە سەرۆکایەتی هاوسەرۆکی گشتیی پارتەکە، سەزایی تەمەللی و ئەندامێتیی پەرلەمانتاری دیاربەکری هەدەپە، هشیار ئۆزسۆی و پەرلەمانتاری شاری ئاگری هەدەپە، بەدران ئۆزتورک لەلایەن پاریزگاری هەولێر، نەوزاد هادی و بەرپرسی پەیوەندییە نیشتیمانییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، عەلی حوسێن لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر پێشوازییان لێکرا. هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە، سەزای تەمەللی لە فڕۆکەخانە لەبارەی سەردانی شاندەکەیان بۆ هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، بۆ سەردانکردنی سەرۆک بارزانی لە هەرێمی کوردستانن و دەیانەوێت پرسە گەرمەکانی ناوچەکەی لەگەڵ تاوتوێ بکەن. تەمەللی گوتیشی: دەمانەوێت ئاشتی و سەقامگیریی لە ناوچەکە بەرقەرار بێت و بۆ ئەمەش، چارەسەرکردنی پرسی کورد لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەنگاوێکی گرنگ دەبێت. هاوکات سەزای تەمەللی سەرۆک بارزانی بە سەرکردەیەکی گرنگ و پێشەنگ ناوبرد و ڕایگەیاند: بارزانی نەک تەنها بۆ کورد، بەڵکو بۆ سیاسەتی ناوچەکە گرنگە. هەر لەبارەی سەردانەکەی شاندەکەی هەدەپە، عەلی حوسێن، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی بە ڕۆژنامەوانانی ڕاگەیاند: سەرۆک بارزانی ڕۆڵی گرنگی لەناوچەکەدا هەیە، بۆیە لایەنەکان هەوڵ دەدەن لەسەر پرسەکانی ناوچەکە ڕاوێژی پێ بکەن. ئەو بەرپرسەی پارتی ئاماژەی بەوەش دا کە پارتی لەگەڵ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتییە لە تورکیا، بەجۆرێک کە بەپێی تایبەتمەندییەکانی هەر ناوچەیەک ڕێککەوتن بکرێت.

نوێنەرێکی کریستیانەکان:

ڕۆژانی دابێ گۆڕانکاری لە حکوومەتدا دەکرێت

لە گۆڕانکارییەکاندا ژمارەیەک پۆست بۆ کریستیانەکان تەرخان دەکرێت



نوێنەرێکی کریستیانەکان ئاشکرای کرد، ڕۆژانی دابێ دەست بە گۆڕانکاریی نێو حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت و دەشڵێ، گۆڕانکارییەکان لە خوار پۆستی وەزیرەوە دەست پێ دەکات تا خوارەوە و بڕیارێشە لە گۆڕانکارییەکاندا ژمارەیەک پۆست بۆ کریستیانەکان تەرخان بکرێت.

ڕوميۆ هەکاری، نوێنەری کریستیانەکان لە پەرلەمانی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: بڕیارە لە ڕۆژانی دابێ گۆڕانکارییەکانی نێو حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوە بچن، هیوایەکی زۆر هەیە بۆ پڕکردنەوەی هەموو پۆستەکانی حکوومەت، هەرچەندە دەبوو پێشتر ئەو پرۆسەیە بەڕێوە بچێت، بەڵام بەهۆی دواکەوتنی پێکهێنانی کابینەی نوێوە پرۆسەی گۆڕانکارییەکانیش دوا کەوت. ئەو نوێنەرەی کریستیانەکان ڕوونیشی کردۆتەوە: پرۆسەی گۆڕانکاری لە خوار وەزیرەوە دەست پێ دەکات، واتە بریکاری وەزارەتەکان و بەڕێوەبەری گشتی و ڕاوێژکار و سەرۆکی دەستەکان دەگرێتەوە، تا دەگاتە ئاستی خوارەوە.

لەبارەی پشکی کریستیانەکانیشەوە هەکاری ڕایگەیاندووە: کریستیانەکانیش لە پۆستەکانی حکوومەت پشکیان دەبێت، ئێمە بریکاری وەزارەت و سەرۆکی دەستە و چەند پۆستێکی دیکەی وەک بەڕێوەبەری گشتیمان بەردەکەوێت، جگە لەوە، داوای چەند پۆستێکمان لە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکایەتیی هەرێم کردووە.

زیا پترس: داعش خۆی ڕێکخستووەتەوە و ئەگەر ڕێگری لێ نەکرێت کارەسات ڕوودەدات



زیا پترس، سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، هۆشداری دەدات لەبارەی جوواڵەی تیرۆریستانی داعش و دەڵێ، لە سێ مانگی ڕابردوودا داعش خۆی ڕێکخستووەتەوە و ئەگەر ڕێگری لێ نەکرێت، کارەسات ڕوودەدات. زیا پترس، سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ناکۆکییەکانی ناوچەکە و ململانێی وڵاتانی زلهێز لەسەر ڕەوشی عێراق، وای کردووە ناوچەکە ڕەوشێکی ئاڵۆز بە خۆیەوە ببینێ و ناجێگیریی ڕەوشی ناوچەکەش ڕێگە بۆ گەشەکردنی گرووپە تووندڕەوەکان خۆش دەکات، تا دووبارە خۆیان ڕێکبخەنەوە، بە تایبەتی گرووپی تیرۆریستیی داعش سوودی لە ناجێگیری و ناسەقامگیریی ناوچەکە وەرگرتووە، پێشتر کۆتایی شەڕی بەرەنگاربوونەوەی داعش ڕاگەیەندرا، بەڵام زۆرێک لە چاودێران پێیان وابوو، پێویستە فکری داعش لەنێو ببرێت، لەبەر ئەوەی هەڵگرانی فکری داعش لەنێو کۆمەڵگادا هێشتا ماون و مەترسیی دووبارە سەرهەڵدانەوەی ئەو گرووپە تیرۆریستییە هەیە. دەشڵێت: ئەگەر بە زووبی ڕێگری لە سەرهەڵدانەوەی داعش نەکرێت، کە ئێستا ئاماژەکانی بەهێزبوون و گەڕانەوەی دەرکەوتوون، بێگومان ئەوکات کارەسات ڕوودەدات، چونکە بەر لە سێ مانگ داعش گەڕاوەتەوە هەندێ ناوچەی وەک خانەقین و دەوروبەری کەرکووک.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان..

ئەفسەرێکی ئێرانی لە شاری مەریوان کوژرا

شەوی شەمە لە گوندێکی سنووری مەریوان لە ئەنجامی شەڕێکدا لە نێوان هێزێکی کوردی و هێزی سنووربارێزی ئێران، ئەفسەرێک کوژرا. لەم بارەیەوە مالپەڕی (ئیرنا) بڵاوی کردووەتەوە شەوی ڕابردوو لە نێوان هێزێکی کوردیی دژبەری ئێران لە گوندی "وشکەڵان"ی سەر بە ناوچەی "سەرشیو"ی مەریوان، لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی ئێران شەڕ ڕوویداوە و لە ئەنجامدا ئەفسەرێکی هێزی سنووربارێز بەناوی "مەجید شیری" خەڵکی شاری "خومەین"ی سەر بە پارێزگای "مەرکەزی" کوژراوە. هەروەها ڕێکخراوی (هەنگاو) بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاوی کردووەتەوە لەو شەڕەدا دوو ئەفسەری دیکەش بریندار بوون. تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵەش هیچ هێز و لایەنێکی کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرپرسیارێتیی ئەو هێرش و تێکهەڵچوونەیان نەگرتووەتە ئەستۆ.

خەسرەو گۆران: پارتی بە زەلیلی بۆ کەرکووک ناگەڕێتەوە

بەشداری هەڵبژاردن بکەین یان نەیکەین دەبێت هەموو لایەنە کوردییەکان پێکەوە بین





بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە پێویستی دەزانێت حزب و لایەنە کوردییەکان یەکهەڵوێست بن بۆ بەشداریکردن یاخود ڕەتکردنەوەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە ناوچە کێشە لەسەرەکان، کە بڕیارە لە ساڵی داهاتوو ئەنجام بدرێت. خەسرەو گۆران بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی، بۆ دەنگی ئەمەریکا دەڵێت: گەلەکۆمەیەکی گەورە بەرانبەر بە کورد لە ناوچە کێشەلەسەرەکاندا بەڕێوەبە، گەر بە یەکدەنگی و ستراتیژیەتێکی نوێوە هەنگاو نەنێین، زۆرینەی ناوچە کێشەلەسەرەکان لەدەست دەدەین. گۆران، ئاشکراشی کردووە سەرکردایەتیی پارتی، تاوتوێی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی لە ناوچە کێشەلەسەرەکان کردووە، گوتی: لەگەڵ سەرجەم لایەنەکان قسە دەکەین بۆ ئەوەی گەر بەشداری هەڵبژاردنمان کرد، بە یەک لیست بەشداربین، چونکە پەرتەوازەیی و دەنگ کەمهێنان بۆ داهاتووی کورد لەو ناوچانە خراپە. سەبارەت بە چۆنیەتی بەشداریکردنی پارتی لە هەڵبژاردن، لەکاتێکدا هێشتا بارەگای پارتی بۆ کەرکووک و بەشێک لەناوچە کێشەلەسەرەکان نەگەڕاوەتەوە، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی، گوتی: ئەوە یەکێکە لە کۆسپە گەورەکان، لە ڕووی حزبی و ئیدارییەوە لەو ناوچانە ئامادەییمان نییە، لە مووسڵ و شنگال و ناوچەکانی تر پاشەکشەمان کردووە، ئەگەر بەشداری هەڵبژاردن بکەین یاخود نەیکەین، دەبێت هەموو لایەنە کوردییەکان پێکەوە بین. گوتیشی: گرنگە بارەگاکانمان ببینەوە، بەڵام ئاسانیش نییە، چونکە حەشد بوونی هەیە و بۆ گەڕانەوەش بە سەربەرزی، دەبێت گفتوگۆی چڕتر لەگەڵ بەغدا بکەین. لە کۆتایی قسەکانیدا باسی لەوەشکرد ئێمە بە زەلیلی ناگەڕێینەوە بۆ ناوچە کێشەلەسەرەکان، دەبێت بەسەربەرزی بگەڕێینەوە، ئەگینا گەڕانەوە سودی نییە.

ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

گەڕانەوەی ئاوارەکان بە هیچ شێوەیەک قەدەغە نەکراوە

تا ئێستا 347 خێزان گەڕاونەتەوە بۆ گوندەکانی دەوروبەری حەسەن شام و پرۆسەکەش بەردەوامە



ڕۆژی هەینی 6ی ئەیلوولی 2019 ڕێکخراوی هیومان رایتس وۆچ ڕاپۆرتێکی بڵاوکردۆتەوە بە ناوی "هەرێمی کوردستانی عێراق: ڕێگا لە عەرەبەکان دەگرێت بۆ گەڕانەوە" و تێیدا حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەوە تاوانبار دەکات کە ڕێگا نادات نزیکەی 4200ی دانیشتووی 12 گوندی ڕۆژهەڵاتی مووسڵ بگەڕێنەوە سەرزێدی خۆیان و تەنیا ئەو کەسانە نەبێت کە پەیوەندییان لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە.

لە وەڵامی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ناوبراودا د. دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ (هیومان رایتس وۆچ) بەردەوام ڕاپۆرت سەبارەت بە ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە جیهان بڵاودەکاتەوە. بەشێکی ڕاپۆرتەکانیان تەرخانکرابوو بە عێراق و هەرێمی کوردستان و تێیدا ڕەخنە لە حکوومەتی هەرێم دەگرێت بەوەی پێشێلکاری دژ بە مافەکانی مرۆڤ ئەنجامداوە. و زۆرجار تایبەتمەندیی بە هاوکارییەکانی حکوومەتی هەرێم لەم بارەوە ناکەن.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان تیشکی خستە سەر گەڕانەوەی ئاوارەکان و گوتی: گەڕانەوەی ئاوارەکان بە هیچ شێوەیەک قەدەغە نەکراوە، بەڵام بەشێک لەو گوندانە دەکەونە هێڵەکانی پێشەوە و بەهۆی بارودۆخی ئەمنی و بوونی مینی چێندراو کە مەترسیی لەسەر ژیانی دانیشتوانی ناوچەکە دروست دەکات ناتوانن بگەڕێنەوە، هەروەها لە سەرەتاییترین خزمەتگوزارییەکانیان بێبەشن وەک ئاوی پاک، فریاکەوتنی سەرەتایی، خوێندن و پێویستە بەر لە گەڕانەوەیان ئەمانەیان بۆ دابین بکرێت پاشان ڕێگا بدرێت بگەڕێنەوە. لە لایەکی دیکەشەوە ژمارەیەکی زۆر شانەی نوستووی داعش لەو ناوچانە بوونیان هەیە و مەترسیان بۆ ڕەوشی ئەمنی و سەقامگیری ناوچەکە دروست کردووە و بینیمان لە ماوەی ڕابردوودا چەندین کردەوەی تیرۆریستییان لە زۆر شوێن ئەنجامداوە.

ئەوەشی ڕوونکردەوە کە ئەو ئاوارانەی کە ناوچەکانیان بۆ زیان دەبێت و مەترسی لەسەر ژیانیان نییە، ڕێگایان پێدراوە کە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و لەم ڕووەوە وتی: گوندی زەهرا خاتوون دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی هەولێر- مووسڵ و گوندەکانی حەسەن شام، سێڤدینان هەڵی کارکردنیان تا ڕادەیەکی خزمەتگوزاری و پێداویستییەکانی ژیانیان بە بەراورد بە چەند ناوچەیەکی باشتر، بەڵام هەندێک لەو گوندانە دوورن لە ڕێگای سەرەکییەوە بۆیە ناتوانن پێداویستییەکانیان بۆ ژیان دابین بکەن. سەرەڕای هەموو ئەمانە گەڕانەوە بەردەوامە و لە کۆی 2548خێزان 347 خێزان گەڕاونەتەوە بۆ گوندەکانی دەوروبەری حەسەن شام".

لە کۆتایی قسەکانیدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕایگەیاند: سەرەڕای ئەو بارودۆخە ئابووریە قورسەی کە هەرێم بەخۆیەوە بینی لە ساڵانی ڕابردوودا، بەڵام حکوومەتی هەرێم هەمیشە دەرگای والا بووە بۆ ئاوارە و پەنابەران کە کوردستانیان بە ئارامگەیەک دانـاوە بـە هۆی ئـەو سەقامگیرییە تێیدا فەراهەم کراوە و هەموو ئاوارەکان لە هەرێم ئاگادار کراونەتەوە لەوەی ئازادن لە گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان جگە لەو کەسانەی تۆمەتبارن بەوەی پەیوەندیان بە داعشەوە هەبووبێت کە ئەوانیش بەپێی یاساکانی هەرێم مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

پەرلەمانتارێک:
ڕۆژانە هەزاران عەرەبی هاوردە لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان جێگیر دەکرێن



ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر هەڵێکی زێڕینیان بە دەسەڵاتدارانی بەغدا بەخشی بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندیی خۆیان بڕیاری بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بدەن. ئەگەر بەم دۆخەی ئێستاوە هەڵبژاردن بکرێت، کورد لە کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان زەرەرمەندی یەکەم دەبێت. لیزا فەلەکەدین کاکەیی، ئەندامی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: دەسەڵاتی سیاسیی عێراق لەدوای ساڵی 2005ەوە ڕێگەی نەداوە هیچ هەڵبژاردنێک لە کەرکووک بکرێت، بەڵام گۆڕانکارییەکانی دوای شازدەی ئۆکتۆبەر هەڵێکی لەباری بۆ دەسەڵاتدارانی عێراق خولقاند بۆ ئەوەی بڕیاری هەڵبژاردن لە کەرکووک و تەواوی ناوچە جێناکۆکەکان بدەن. لە کاتێکدا سەرتاپای جومگەکانی دەسەڵات لە دامەزراوەکانی کەرکووکدا لەژێر کۆنترۆڵیان دایە و ڕۆژانە بە هەزاران هاوواڵتیی بەرەگەز عەرەبی ناوچەکانی خوارووە دێنن و لە ناوچە کوردستانییەکان نیشتەجێیان دەکەن و فۆرمی خۆراک و ناسنامەیان بۆ دەردێنن.

لیزا فەلەکەدین گوتیشی: ئەو هەوڵە نالەبارەی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان درا، هەوڵێکی ناتەندروست و لەرزۆک بوو، بەئاشکرا هەندێک ماددەی تایبەت کراوە بە کەرکووک و مووسڵ و بێبەشکردنی ئاوارە کوردەکان لە مافی دەنگدان. بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەمانە دەبێ دان بەوە ڕاستییەدا بنێین کە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان بەم دۆخەی ئێستا و بە یاسایەکەوە کە پڕبەتی لە تەڵە و مینی یاسایی، هەوڵێکی مەترسیدار و کوشندەیە بۆ دۆزی کورد لە ناوچە کوردستانییە جێناکۆکەکان.

ئەو ئەندامەی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بەوەش کرد: نێوەڕۆکی یاساکە دژی ماددەی 140ی دەستووری عێراقە. پێ دەچێت هەموو لایەک کۆک بن لەسەر ئەوەی چەندە گرنگە کورد لە کەرکووک بە یەک لیست بەشداری لەم هەڵبژاردنەدا بکات، بەڵام لەوەش گرنگتر، یەکدەنگی و یەکهەڵوێستیی تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کورد لەسەر داوای دووبارە هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق.

بە بیانووی سووکایەتیکردن بە سەرکۆمار

سەرۆکی لقی ئیستانبوڵی جەهەپە بە نۆ ساڵ و هەشت مانگ زیندانییکردن سزادرا



جانان کافتانجیۆغلۆ، کە بەهۆی هەندێک لەو بابەتانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاویکردۆنەتەوە دادگاییکرا، بە بیانووی بەئاشکرا کەمکردنەوەی بەهای کۆماری تورکیا، سووکایەتیی بە کارمەندی حکوومیی بەهۆی ئەرکەکەیەوە، سووکایەتیکردن بە سەرکۆمار، بە ئاشکرا هاندانی خەڵک بۆ کین و دوژمنایەتی و پروپاگەندەکردن بۆ ڕێکخراوی تیرۆریستیی، بە نۆ ساڵ و هەشت مانگ و 20ڕۆژ زیندانییکردن سزادرا.

دانیشتنەکە کە لە 37هەمین دادگای سزای قورسی ئیستانبوڵ بەڕێوەچوو، دوای ئەوەی بەرگریی پارێزەران تەواوبوو، پرسیار لە کافتانجیۆغلۆ کرا لەبارەی دواین وتەی. کافتانجیۆغلۆ ئاماژەی بەوەکرد کە هەرگیز دواین گوتەی نابێت و، ڕایگەیاند: وەرزی ئێمە دەستپێکرد، ئەو شکستیهێنا. ئێمە سەرکەوتین، 80 ملیۆن سەرکەوت. بڕیارەکە هەرچیەک دەبێت با ببێت پاشگەزنابمەوە لە بیر و گوتەکانم. چونکە وەرزی ئێمە دەستپێکرد، ئەو شکستیهێنا، ئێمە سەرکەوتین. پاش دواین گوتەش، دەستەی دادگا پشوویەکی وەرگرت و، دوای دانوستان بڕیارەکەی ڕاگەیاند. لە ئێستاشدا پارێزەرەکانی داوای پیاداچوونەوە بە بڕیارەکەی دادگا دەکەنەوە.

جێی باسە جانان قەفتانچی ئۆغلۆی تەمەن 47 ساڵ پزیشک و سیاسەتمەدار، لە 13ی مانگی یەکی ساڵی 2018وە بەرپرسی یەکەمی جەهەپەیە لە ئیستەنبوڵ.

چەندان کەسایەتیی سیاسی و ئەکادیمی و رۆژنامەنووس بەشداربوون

قاهیرە.. مەراسیمێک بۆ یادکردنەوەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول سازکرا





بەبۆنەی 58 هەمین ساڵیادی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، مەکتەبی قاهیرەی پارتی دیموکراتی کوردستان ئێوارەخوان و پێشانگەیەک و ئاهەنگێکی هونەری بە ئامادەبوونی چەندان کەسایەتیی سیاسی و دیپلۆمات و راگەیاندکار و ئەکادیمی و رۆژنامەنووسان سازکرد.

شێرکۆ حەبیب، بەرپرسی مەکتەبی پارتی لە وڵاتی میسر، سوپاسی ئامادەبوانی کرد و لە وتارێکدا ئاماژەی بە هۆکاری سەرهەڵدانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە رابەرایەتیی مستەفا بارزانیی نەمر کرد، ئاماژەی بەوەشکرد ئەگەرچی بڵێسەی شۆڕشەکە لە کوردستاندا سەریهەڵداوە، بەڵام شۆڕشێک بوو لەپێناو بەدیهێنانی دیموکراسییەت لە عێراقدا، کە ئەمەش هۆکاربووە ئاشتی و دیموکراسیخوازانی عێراق بە جیاوازی نەتەوە و ئایین پاڵپشتی ئەو شۆڕشەیان کرد.

هەروەها گوتیشی: ئێستاشی لەگەڵدابێت پارتی دیموکراتی کوردستان خەبات دەکات بۆ دیموکراسی لە عێراق و دابینکردنی سەرجەم مافە نەتەوەییەکانی پێکهاتەکانی عێراق، کە ئەمەش لە خەبات و بۆچوونی سەرۆک بارزانی ڕەنگدەداتەوە. هەروەها ئاماژەی بە ڕۆڵ و بۆچوونەکانی سەرۆکی هەرێم لە پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا کرد، لەگەڵ پشتگیری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان لەگەڵ بەغدا بەگوێرەی دەستوور.

شاندێکی قوتابیانی زانکۆکانی ئەڵمانیا

سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دەکەن



هۆشیار سیوەیلی بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی قوتابیانی دکتۆرا و ماستەر کرد، کە شاندەکە لە زانکۆ جیاجیاکانی ئەڵمانیا لە بواری زانستە رامیارییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێکهاتبوون، ئامانجی سەردانی ئەو شانشینە بۆ کوردستان بۆ ئاشنابوونی زیاتر بە ڕەوشی ئێستای کوردستان.

لە میانەی ئەو دیدارەدا هۆشیار سیوەیلی تیشکی خستە سەر قۆناغە میژوویییەکانی هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەروەها بەرەوپێشچوونی پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکان بە مەبەستی فراوانکردنی پەیوەندییەکان لە تەوەاوی بۆ بواره جیاوازەکاندا وەکی بازرگانی و ئەکادیمی.

هۆشیار سیوەیلی هەروەها بەوردی باسی لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد و ڕایگەیاند: بەشداربوانی ئەم کابینەیە بە هەستێکی بەرپرسیارانەوە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا دەکەن بۆ پارێزگاریکردن لە دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان، سیوەیلی ستراتیژیەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانیشی بۆ ڕوونکردنەوە کە کار دەکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا وەک ئەکادیمی و سیاسی و دیپلۆماسی و وەبەرهێنان و بازرگانی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و پێشوازیکردن و پاراستنی ئاوارە و پەنابەران و فەرهەنگی پێکەوەژیان.

دواتر لەگەڵ شاندەکە بیرۆڕا و گفتوگۆ و سەرنج ئاڵوگۆڕکران سەبارەت بە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەرەوە و حکوومەتی فیدراڵی و وڵاتانی ناوچەکە بەگشتی.

پەرلەمانتاریێک:

هەفتەی دابێ پێنج وەزیر بانگهێشتی پەرلەمانی عێراق دەکرێن



بڕیارە هەفتەی دابێ پەرلەمانی عێراق دەست بە کۆبوونەوەکانی خۆی بکاتەوە و پەرلەمانتاریێکی پارتییش ئاشکرای کرد، پێنج وەزیر بانگهێشتی پەرلەمان دەکرێن و دەشڵێ، مەرامی سیاسی لەپشت بانگهێشتکردنی وەزیرەکانەوە هەیە. دکتۆر مەیادە نەجار، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: بڕیارە هەفتەی داهاتوو پەرلەمانی عێراق دەست بە کۆبوونەوەکانی وەرزی نوێ بکات و لە کۆبوونەوەی داهاتوودا پێنج وەزیری کابینەی دکتۆر عادل عەبدولمەهدی بانگهێشتی پەرلەمان کراون، بەڵام پێم وایە مەرامی سیاسی لەپشت بانگهێشتی وەزیرەکانی حکوومەتی عێراقەوە هەیە و هەندێ کوتلە ئامانجی خۆیان لە بانگهێشتکردنی وەزیرەکانی حکوومەت هەیە.

ئەو پەرلەمانتارەی پارتی گوتیشی: لەنێو هۆڵی پەرلەماندا چەند مەلەفێک لەگەڵ وەزیرە بانگهێشتکراوەکان باس دەکرێن، بەڵام ئەو پرسانەی وەزیرەکانی لەسەر دێنە پەرلەمان نهێنی نین، واتە ڕەخنەگرتن نییە لە ئەدای کارەکانی وەزارەتەکان. کاری دووەمی پەرلەمان چاودێریی کارەکانی حکوومەتە، کەچی بەداخەوە لە عێراق ڕۆڵی چاودێری تەنیا بووەتە کارێکی سیاسی. دکتۆر مەیادە نەجار ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: بڕیارە لەگەڵ دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان دەنگ لەسەر پڕۆژەیاسای دادگای فیدراڵییش بدرێت، ئێمە کۆمەڵێک تێبینیمان ئاراستەی پەرلەمانی عێراق کردووە بۆ ئەوەی لەنێو پڕۆژەیاساکەدا جێگیر بکرێن، هیوا خوازین تێبینیی ئێمە وەک هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرن، ئێنجا دەنگ لەسەر پڕۆژەیاساکە بدرێت.

میسر.. سزای زیندانیکردنی هەتا هەتایی بۆ 11 کەس دەرکرا

دادگای تاوانەکانی قاهیرە، سزای زیندانیکردنی هەتا هەتایی بۆ 11 کەس لە نێویاندا ڕێبەری گشتی ئیخوان موسلیمین، محەمەد بەدیع لەسەر دۆسیەی هەڵکوتانە سەر گرتووخانەکانی میسر و هەڵکوتانە سەر سنووری ڕۆژهەڵات، دەرکرد.

ئاژانسی هەواڵیی فەرمی میسر بڵاویکردەوە دادگای تاوانەکانی قاهیرە بە سەرۆکایەتی دادوەر، محەمەد شیرین فەهمی دووەم دانیشتنی بۆ دادگاییکردنی تۆمەتباران لەسەر دۆسیەی هەڵکوتانە سەر گرتووخانەکانی میسر و هەڵکوتانە سەر سنووری ڕۆژهەڵات سازکرد.

بەپێی ئاژانسەکە لە میانی دانیشتنەکەدا، دادگای سزای زیندانیکردنی هەتا هەتایی بۆ 11 تۆمەتبار لە نێویاندا ڕێبەری گشتی ئیخوان موسلیمین، محەمەد بەدیع دەرکرد، هەروەها هەشت تۆمەتباری دیکە بە 15 ساڵ زیندانیکردن سزا دراون و نۆ تۆمەتباری دیکەش بڕیاری بێ تاوانیان بۆ دەرکراوە.

هاوکات سەرچاوەیەکی دادوەریی ئاشکرایکرد کە هەریەک لە سەرکردەکانی ئیخوان موسلیمین، عیسام عریان، محەمەد بلتاجی، سەعد حوسنی لەگەڵ سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەران، محەمەد سەعد کەتانتی لە نێو ئەو 11 کەسەدان کە لە لایەن دادگای تاوانەکانی قاهیرەوە سزای زیندانیکردنی هەتا هەتاییان بۆ دەرکراوە.

بە گوتەی سەرچاوەکە، سزای زیندانیکردنی هەتاهەتاکە کە دادگای تاوانەکانی قاهیرە بۆ ئەو 11 کەسە دەریکردووە، بەرایبە و دەتواندرێت لە دادگای تێهەڵچوونەوە لە ماوەی دوو مانگدا لە ڕێکەوتی دەرکردنی، تانەی لێ بدرێت.

میشێل عەون:

وەڵامی هەر هێرشێکی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان دەدەینەوە



سەرکۆماری لوبنان، میشێل عەون ڕایگەیاند، وڵاتەکەی وەڵامی هەر ئەگەرێکی هێرشکردنی ئیسرائیل بۆ سەر سەروەری لوبنان دەداتەوە.

سەرۆکایەتی کۆماری لوبنان بڵاوی کردووەتەوە، عەون لە کۆشکی سەرۆکایەتی پێشوازی لە نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لوبنان، یان کوبیس کردووە.

بەپێی بەیاننامەکە، لە کۆبوونەوەکەدا باسی گرژییەکانی هەفتەی ڕابردووی نێوان حزبوڵڵا و ئیسرائیل لە باشووری سنووری لوبنان کراوە و لەمبارەوە عەون ڕایگەیاندووە: لە بەرامبەر هەر ئەگەرێکی هێرشکردن بۆ سەر سەروەری و یەکپارچەیی خاکی لوبنان، ئەوا بە مافی بەرگریکردن لەخۆ وەڵام دەدرێتەوە و بەرپرسیارێتی ئەنجامەکەشی دەکەوێتە ئەستۆی ئیسرائیل.

عەون کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکانی ئیسرائیل لە 25ی ئاب لە ناوچەی باشووری شاری بەیروت پایتەختی لوبنان بە هێرشکردن ناوبرد و ئاماژەی بەوەشدا کە ئیسرائیل بەم هێرشە، پێشێلی بڕیاری ژمارە 1701ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی کردووە. لە لای خۆیەوە نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لوبنان، یان کوبیس ڕایگەیاندووە سوپای لوبنان لە سنووری باشووری وڵات لە چوارچێوەی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی بالای بەرگریی و دەسەڵاتی سیاسی ئەرکی خۆی بە تەواوی جێبەجێ کردووە.

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/9/8 ژمارە (5823)

واشنتۆن راهێنان بە 50 تا 60 هەزار شەڕڤانی باکووری سووریا دەکات



سەرۆک ئەرکانی سوپای ئەمەریکا، جەنەڕاڵ جۆزێف دانفۆرد رایگەیاند، بۆ پارێزگاریکردنی باکووری سووریا پێویستە راهێنان بە 50 تا 60 هەزار شەڕڤانی خۆجێیی بکەن و تا ئێستاش تەنها راهێنانیان بە نیوەی ئەو ژمارەیە کردووە.

دانفۆرد لە پانێلێکی ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەدا، وەڵامی پرسیارەکانی پەیوەندیدار بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بە تایبەتی پرسی سووریا دایەوە.

دانفۆرد لە وتەکانیدا ئاماژەی بەوەدا کە ریکخراوی تیرۆریستی داعش لە پاشەکشە دایە، بەڵام تا ئێستاش لە عێراق و سووریا بوونیان هەیە. جەنەڕاڵ جۆزێف دانفۆرد باسی لەوەشکرد کە داعش تاکو ئێستاش تاکتیکی گەریلا بۆ هێرشکردن بەکارددهێنێت و ئاشکراشی کرد کە پرسی ئاوارەکان لە سووریا و ئەو داعشانەی لە ژێر دەستی هێزەکانی سووریای دیموکرات دان جێگەی نیگەرانییە.

لەبارەی دۆخی باکووری رۆژهەڵاتی سووریا، دانفۆرد گوتی: هێزەکانی سووریای دیموکرات بۆ بەرەنگاربوونەوەی پاشماوەکانی داعش پێویستیان بە پشتیوانی هاوپەیمانان هەیە. هاوکات بە هەمان شێوە پاراستنی ئاسایشی ئەو ناوچانەی کە لە داعش پاککراونەتەوە گرنگە. بۆیە لە ئێستا کاری زۆر ماوە ئەنجام بدرێت و بۆ پارێزگاریکردنی ئەم ناوچەیە "باکووری رۆژهەڵاتی سووریا" پێویستە راهێنان بە 50 تا 60 هەزار چەکداری خۆجێی بکرێت و تا ئێستاش تەنها سەدا 50ی ئەمە ئەنجام دراوە.

لەبارەی ئەگەری دەستپێوەردانی تورکیا لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا، دانفۆرد گوتی: تورکیا لەبارەی سنووری سووریا، نیگەرانی شەرعی هەیە. لەماوەی سەرۆکایەتی ئەرکامدا، لانی کەم 12 جار سەردانی تورکیام کرد. بۆ جێبەجێکردنی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی داعش و بەهەند وەرگرتنی نیگەرانییەکانی تورکیا و رێککەوتن لەسەر ئەمە چەندین هەفتەی خایاند. 10 رۆژ پێش ئێستا بەمەبەستی هەماهەنگی لە ئێپەراسیۆنەکان لەگەڵ سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا ناوەندێکمان دامەزراند. پێموایە دەتوانین چارەسەریی نیگەرانییەکانی تورکیا بکەین.

ئەمەریکا خۆشحاڵە بە ڕەوانەکردنی سەرباز لەلایەن دانیمارکەوە بۆ سووریا



وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا (پێنتاگۆن)، ئاشکرایکرد خۆشحاڵن بە بڕیارەکەی دانیمارک بۆ ناردنی سەرباز بۆ سووریا بەمەبەستی پشتیوانییکردن لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا. گوتەبێژی پێنتاگۆن، جۆناسان هۆفمان لە راگەیەنراوێکدا کە بڵاویکردووەتەوە "ئەمەریکا بە خۆشحاڵییەوە پێشوازیی لە راگەیەنراوەکەی حکوومەتی دانیمارک سەبارەت بە ناردنی سەرباز بۆ سووریا بەمەبەستی پشتیوانییکردن لە ئێپەراسیۆنی سەقامگیرکردنی سرووشتیی و دریژەدان بە هاوبەشییکردن لەم ئەرک و لێپرسراوێتییە گرنگەدا، دەکات".

جۆناسان هۆفمان باسی لەوەش کردووە، دانیمارک هاوبەشێکی گرنگی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی بەرەنگاربوونەوەی داعشە، و رایگەیاندووە: ئەم بڕیارەی حکوومەتی دانیمارک، ئاماژەی مکوورپی ئەو وڵاتەیە لە کارکردن لەگەڵ هاوبەشەکانمان بە هێزەکانی سووریای دیموکراتەوە و لەبارەی ڕێگرییکردن لە گەڕانەوەی داعش. هاوبەشە دانیمارکییەکانمان لەپێناو سەقامگیریی و ئاسایشدا لە باکووری سووریا، کار لەگەڵ ئەو ژمارە کەمەی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا دەکەن. جێی باسە سااڵی رابردوو، سەرۆکی ئەمەریکا دۆناڵد ترەمپ زۆرینەی سەربازانی وڵاتەکەی لە سووریا، کشاندبوویەوە و ئاشکرایکردبوو کە ناوچەیەکی ئارام لە باکووری خۆرهەڵاتی سووریا، دروستدەکەن. لەدوای ئەوە، پێنتاگۆن و وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، لەپێناو کۆکردنەوەی پشتیوانیی بۆ ناوچە ئارامەی کە دۆناڵد ترەمپ ڕایگەیاندبوو، سەردانی وڵاتانی ئەوروپایان کردبوو، بەڵام زۆرینەی وڵاتانی ئەوروپا، بەهۆی ناڕوونییەکان لە ستراتیژی ئەمەریکادا، بە گەرمیی لەو پێشنیارەیان نەڕوانیبوو.

رۆژی هەینی سەرۆکوەزیرانی دانیمار، مێتێ فرێدریکسن، ئاشکرایکرد بەمەبەستی پشتیوانییکردن لە هاوپەیمانیی دژی داعش بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا، سەرباز ڕەوانەی سووریا دەکەن. مێتێ فرێدریکسن باسی لەوەکردبوو کە تیمێکی 14 کەسی پزیشکیی سەربازیی، فەرقاتەیەک وەک پشتیوانیی لە هێزی دەریایی ئەمەریکا، کەتیبەیەکی جەنگیی، کەشتیەکی جەنگیی و چوار فڕۆکەی جەنگیی ڕەوانەی سووریا دەکەن.



مارک ئەسپەر: ئەمەریکا بەردەوام دەبێت لە سیاسەتی گوشارخستنە سەر ئێران

دەبێت ئێران دڵنیایی بدات کە تا هەتایە نابێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی

وەزیری بەرگریی ئەمەریکا، مارک ئەسپەر ڕایگەیاند، وڵاتەکەی بەردەوام دەبێت لە سیاسەتی گوشارخستنە سەر ئێران و لەم ڕێگەیەوە گەیشتوونەتە خاڵێک کە ئێران بەرە بەرە دانوستان قبوڵ دەکات.

ئەسپەر لە ئەنیستیتوی خزمەتگوزارییەکانی شانشینی یەکگرتوو لە لەندەن ڕایگەیاند کە هەرچەند ژمارەیەک لە هاوپەیمانانی ئەمەریکا دژ بە سزاکانی سەر تاران وەستاونەتەوە، بەاڵم سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ مکوڕە لەسەر گوشارخستنە سەر ئێران لە ڕێگای سزا ئابووریەکانەوە.

وەزیری بەرگریی ئەمەریکا ئاماژەی بەوە دا کە ئامانجی گوشارەکانی وڵاتەکەی بۆ سەر ئێران بۆ ئەوەیە ئێران ناچار بکات بۆ ڕێککەوتننامەیەکی نوێ کە جێگای ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی بگرێتەوە و گوتی: وا دەردەکەوێ ئێران بەرەو خاڵێک بڕوات کە بتوانین دانوستانی لەگەڵدا بکەین.

بە ڕێککەوتننامەی نوێ دەمانەوێت ڕێگە لە بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی بگرین لەلایەن ئێرانەوە.

ئێران دەبێت دڵنیایی لەوە بدات بۆ 10تاکو 15ساڵ نا، بەڵکو تا هەتایە نابێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی.



جۆن بۆڵتۆن: تاکو ئێران دەست لە تیرۆر هەڵنەگرێت سزاکان هەڵناگیرێت

ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا دەڵێت، نەوتهەڵگری ئێرانی (ئەدریان داریا-1) بەرەو سووریا ڕۆیشتووە و تا ئێرانیش دەست لە درۆ و بڵاوکردنەوەی تیرۆر هەڵنەگرێت، واشنتن سزاکانی سەر تاران هەڵناگرێت. بەپێی کوردستان 24 جۆن بۆڵتۆن، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەاڵیەتی تویتەر نوسیوویەتی: ئەوەی پێویایە نەوتهەڵگرە ئێرانییەکە بەرەو سووریا نەڕۆیشتووە لە وەهمدا دەژی، تاران پێویایە پاڵپشتیی ڕژێمی بەشار ئەسەد گرنگترە لە پاڵپشتیی گەلەکەی و دەستەبەرکردنی ژیانێکی باش بۆیان، ئێمە دەتوانین دانوستان بکەین، بەاڵم سزاکانی سەر ئێران سووک ناکەین، تا ئەو کاتەی ئێران دەست لە درۆ و بڵاوکردنەوەی تیرۆر هەڵنەگرێت.



دەزگای وزەی ئەتۆمی ئێران: هەنگاوی سێیەمان دەستپێکرد

گوتەبێژی دەزگای وزەی ئەتۆمی ئێران، بەهەرۆز کەمالوەندی ڕاگەیاند کە وڵاتەکەی لە چوارچێوەی کەمکردنەوەی پابەندبوونی بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی، هەنگاوی سێیەمی دەستپێکردووە.

گوتەبێژی دەزگای وزەی ئەتۆمی ئێران، بەهەرۆز کەمالوەندی ئاماژەی بەوەشکردووە کە هەنگاوی سێیەم لە کەمکردنەوەی پابەندبوونیان بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی، چالاکییەکانی بەرنامەی ئەتۆمی وڵاتەکەی خێراتر دەکات لەو چوارچێوەیەدا پیتاندنی یۆرانیۆم دەگەیەننە ئەو ئاستەی کە پێویستانە.

بەهەرۆز کەمالوەندی باسی لەوەشکرد کە لە ئێستادا وڵاتەکەی 270 هەزار یەکەی سەنتەرفیوج بەرهەم دەهێنێت و هەوڵدەدەن لە داهاتوودا بگەیەننە یەک ملیۆن یەکە. جێی باسە ڕۆژی چوارشەمەی ڕابردوو سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی ڕایگەیاندبوو کە وڵاتەکەی لە چوارچێوەی کەمکردنەوەی پابەندبوونی بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی نزیکبووەتەوە لە هەنگاوی سێیەم، ئەویش بە هۆی ئەوەی لایەنەکانی ئەوروپا پابەندی بەڵێنەکانیان نیین سەبارەت بە ڕێککەوتنەکە.

حەسەن ڕوحانی ئاشکرایکردبوو لە چوارچێوەی کەمکردنەوەی پابەندبوونیان بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی، هەنگاوی سێیەم ڕادەگەیەنن کە ئەو هەنگاوەش، بەندی زۆر گرنگ لەخۆ دەگرێت، هەروەها دەبێتە مایەی خێراترکردنی چالاکییەکانی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی ئێران.

ئێران

دەستی گرت بەسەر کەشتییەکی نەوت هەڵگر



کاربەدەستانی ئێران ڕایانگەیاند، دەستیان بەسەر کەشتێکی نەوت هەڵگری بیانیدا گرتووە لە کەنداوی عەرەبی، بە بیانووی ئەوەی سووتەمەنی بە قاچاغ دەگواستەوە، هەروەها 12 بەڕەگەز فلیپینی کە لە نێو کەشتییەکەدابوون دەستگیرکراون. لەبارەوە فەرماندەی هێزی دەریاوانی ئێران لە پارێزگای هورمزگان باشووری ئەو وڵاتە، عەقید حوسێن دەهکی لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی هەواڵیی فارس ئاشکرایکردووە، هێزەکانیان دەستیانگرتووە بەسەر کەشتیەکی نەوتی هەڵگری بیانی لە کەناراوەکانی سیریک لە کەنداوی عەرەبی کە بە قاچاغ سووتەمەنی ئێرانی دەگواستەوە. عەقید حوسێن دەهکی ئاماژەی بەوەش کردووە ئەو کەشتییەی کە دەستی بەسەردا گیراوە، 283 هەزار و 900 لتر سووتەمەنی بە قاچاغ هەڵگرتبوو کە بەهاکەی، حەوت ملیۆن و 600 هەزار دۆالرە. ناوبراو باسی لەوەش کردووە کە 12 کەس کە هەڵگری ڕەگەزنامەی فلیپینین و لە نێو کەشتییەکەدابوون، دەستگیرکراون و ڕەوانەی لێکۆڵینەوە کراون.

بەرێ بنیاتی بو پروژێ ڤەگوستنا هێلا کارەبێ خەبات - زەنگەنە هاتە دانان



ڕۆژا 2019/9/5 ل ژێرچاڤدێریا بەرێز مەسرور بارزانی سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ و ب ئامادەبونا کەمال محەمەد سالح وەزیرێ کارەبا حکومەتا هەرێما کوردستانێ و فەرهاد ئەمین ئەترۆشی پارێزگەرێ دهۆکێ و چەند بەرپرسێن ئیداری بەرێ بنیاتی بو پروژێ ڤەگوستنا هێلا کارەبێ یا 132کەی ڤی ژ خەبات ل سنورێ پارێزگەها هەولێرێ بو زەنگەنە ل سنورێ پارێزگەها دهوک هاتە دانان.

د ڕێورسمێن دانانا بەرێ بنیاتێ پروژەی دا وەزیرێ کارەبا حکومەتا کوردستانێ دیارکر کو پروژێ ڤەگوستنا هێلا کارەبێ یا 132کەی ڤی ژ خەبات بو زەنگەنە و دهوک زور یێ گرنگە و پشتی پروژە ب دومـاهی دهێت ڕەوشـا کارەبا پارێزگەها دهوکێ وەکو یێن پارێزگەهێن دی یێن کوردستانێ لێ بهێت کارەبا پارێزگەهێن دی یێن هەرێمـێ دێ باش بـیت.

هـەروەسـا گـوت: دپلانـا وەزارەتا کارەبێ دا یە چەند پـروژێن نـوو ل سـنـورێ پارێزگەها دهوکێ بهێنە ئەنجامدان وەرەوشا کارەبێ بهێتە باشکرن.

پـاش پارێزگـەرێ دهـوکێ پەیڤەک پێشکێشکـر و خوشحالیا خو دیارکر هەمبەر بجهئینانا ڤی پروژێ گرنگ بـو پارێزگەها دهوکێ وبڤێ هەلکەفتێ سوپاسیا سەرۆکێ حکـومـەتـا کـوردسـتـانێ و وەزارەتـا کـارەبێ کـر بـو دورستـکـرنا ڤی پروژەی و خواست کو سەرۆکێ حکومەتا کوردستانێ پتر گرنگیێ بدەتە چارەسەرکرنا ئاریشێن کارەبێ ل پارێزگەهێ و هێلەکا غازێ بـو وێزدگەهێ کواشێ بهێتە کێشان دا کارەبا پارێزگەها دهوکێ وەکو یێن پارێزگەهێن دی یێن کوردستانێ لێ بهێتە وەدست خوشی ل کومپانیا جێ بەجێکار کر وخواست کو پروژە ب کوالتیەکا بلند ودژڤانێ دەست نیشانکریدا بهێتە بجهئینان.

هەژی گوتنێیە پروژە ل سەر بودجا حکـومـەتـا هـەرێـمـا کوردستانێ بکوژمێ 7 ملیون و 425 هزار دولاران دهێتە بجهئینان درێژیا پروژەی پترە 32کم بـریـارە د مـاوێ 120 ڕۆژا ئـانـکـو چار هەیڤان دا بکەڤیتە دخزمەتێ دا.

بە مـەبـەسـتی زیـاتـر بـەرز کردنەوەی ئاستی هۆشیاری و تـوانـای چـین و تـوێژە جیاجیاکانی سنوورەکەیان، بە چاودێریی بلـند ئیسـماعیل جێگـری سـەرۆکی لـیژنـەی دەسـتـپـاکـیی پـەرلـەمـانی کوردسـتان گـوتی، لە کاتی بوونی سلێمانی بە پایتەختی ڕۆشـنـبـیـری، ئـەنجـوومـەنی وەزیران 20 ملیار دیناری بۆ سەرف کردووە، بەڵام لە کۆی ئـەو پـارەیـە تـەنـیـا 450 ملیۆنی دیارە و ئەوەی دیکەی هەمووی بەهەدر دراوە و هیچ پرۆژەی پێ جێبەجێ نەکراوە.

سەعید هەرکی، بۆ مـاڵپەڕی فـەرمـیی پـارتی دیـمـوکـراتی کـوردسـتـان گـوتی: نـووسـراوێکـمان ئـاراستـەی سـەرۆکـایـەتـیی پـەرلـەمـان کـردووە بۆ ئـەوەی داوا لـە ئەنجـوومـەنی وەزیـران بـکـات دەربـارەی تـەرخـانـکـردنی 20 مـلـیـار دیـنـار بۆ بـوونی سلێمـانی بـە پـایـتـەخـتـی ڕۆشنبیری زانیاریی تەواومان پێ بـدات، چـونـکـە پـارەکـە هـەمـووی بـەهـەدەر دراوە و هیچی بۆ سلێمانی تـەرخان نەکراوە. هەروەها گوتی: لەو 20 ملیار دینارە تەنها 450 ملیۆن دیناری دیارە و ئەوەی دیکەیان هەمووی بەهەدەر دراوە و دیار نییە بۆ چی و لە چی خـەرج کـراوە، چـونـکـە ئـەو پارەیە تەرخان کراوە بۆ ئەوەی پڕۆژەی ڕۆشـنـبـیـریی پێ جێبـەجێ بـکـرێت، بـەڵام پڕۆژەکـان دیـار نـین. هـەرکی گـوتـیـشـی: لـە چـەنـد ڕۆژی داهاتوودا وەکو لیژنەی خۆمان دەست بە بەدواداچوون دەکەین بۆ ئـەوەی بـزانـێ ئـەو پـارەیـە چی لێ هـاتـووە و چۆن خـەرج کراوە.



لیژنەی دەستپاکی: بەدواداچوون بۆ دیارنەمانی 20 ملیار دیناری سنووری سلێمانی دەکەین

بەشە خۆراکی هاوولاتیان زیاد دەکرێت

جیاواز لە بڕیاری پێشووی، حکوومەتی عێراق بەشە خۆراکی مانگانەی هاوولاتیانی زیاد کردووە و بەڕێوەبەری خۆراکی پارێزگای سلێمانیش ڕایگەیاند جارێ تەنیا دابەشکردنەکان زیاد کراوە. شەوکەوت محەمەد، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای خۆراکی پارێزگای سلێمانی بە باسنیوزی ڕاگەیاند: پێشتر وەزارەتی بازرگانی عێراق بە پشتبەستن بەو بودجەیەی بۆ بەشە خۆراکی هاوولاتییان لەناو پڕۆژە یاسای سالی 2019ی عێراق دانرابوو، پێیان ڕاگەیاندبووین ئەمسال تەنیا بەشە خۆراکی شەش مانگ خۆراک دەدرێتە هاوولاتییان. گوتیشی، بەڵام لە ئەمسالْ تا ئێستا بەشە خۆراکی حەوت مانگمان دابەش کردووە و بەشە خۆراکی مانگی هەشت ئابیش گەیشتووەتە گەنجینەکان و دوای کاری پێویست دەست دەکەین بە دابەشکردنی و پێدەچێت تا کۆتایی ئەمسالْ بەشە خۆراکی چەند مانگێکی دیکەش بگاتە دەستمان و دابەشی بکەین. شەوکەت محەمەد باسی لەوەش کرد، بەڵام خۆراکە وەک پێشوو شەکر، زەیت و برنج، ئارەد و نە جۆر و نە بڕەکەی زیاد نەکراوە و وەک خۆی ماوەتەوە.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو عەبد سان

بـەدڵـگـرانـیـەکی زۆرەوە هـەواڵی کۆچی دوایی عـەبـد سـان کەسایەتی تێکۆشەری سلێمانی- مان پێگەیشت.

هاوخـەمـیـمـان بـە خـانـەواده بـەڕێـز و تێـکـۆشـەرەکـەتـان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە هەبەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله و انا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

بە بەشداریی 80 کادیر خولێکی ڕۆشنبیریی لقی 16 کۆتایی هات



بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و بەئامادەبوونی کارگێڕانی لق و ژمارەیەکی زۆر لە کادیرانی سنوورەکە لە هۆڵی بۆنەکانی لقی 16ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مەڕاسیمێکی جوان و شایستەدا کۆتایی هێنرا بەخولێکی ڕۆشنبیری کە لێژنە ناوچەی تارین بۆ 80 کادیری سنوورەکەی کردبوویەوە.

لەدەسپێکی مەراسیمەکەدا بەرپرسی لقی16 وێڕای دەستخۆشی گەرمی لە لێژنە ناوچەی ناوبراو پیرۆزبایی ئاراستەی ئەو کادیرانە کرد کە بەشداربی خولەکەیان کردبوو، هەروەها ئاماژەی بە گرنگی و پێویستی ئەو جۆرە خولانە کرد لەپێناو زیاتر بەرزکردنەوەی تـوانـسـتـی چـین و تـوێژە جیاجیاکان و پێگەیاندنیان لەهەمـوو بوارەکـاندا چونکە لەداهاتوودا بەرپرسیارێتی گەورە دەکەوێتە سەر شانی ئێوەو پێویستە ئەو زانست و زانیاریانەی لەخولەکەدا لێوەیان سوودمەند بوونە لەژیانی ڕۆژانەتاندا پراکتیزەی بکەن و بیگەیەننە کەسانی تر بۆ ئـەوەی زۆرتـرین خـەڵک لێوەیان سوودمەندبێت.

وەزیری پەروەردە: بۆ ڕێکخستنی فرۆشگەی قوتابخانەکان سەرقاڵی دارشتنەوەی ڕەشنووسێکین



وەزیـری پـەروەردەی حـکـوومـەتی هـەرێـمی کوردسـتـان ڕایدەگەیەنێت، ڕەشنووسێکمان ئامادەیە و سەرقاڵی لێکۆڵینەوەین بۆ ئـەو خـواردنـانـەی زیـان بـە تـەندروسـتـیی قـوتـابـیـیـان دەگەیەنن. ئالان حەمەسەعید، وەزیـری پـەروەردەی حـکـوومـەتی هـەرێـمی کوردسـتـان بـە باسـنـیـوزی ڕاگەیـاند: ڕەشـنـووسێـکـمان هـەیـە و ئێـسـتـا لـەگـەڵ پسـپـۆڕانی خۆراک سەرقاڵی لێکۆڵینەوەین تێیدا، دواتر بە گوێـرەی ڕەشـنـووسـەکـە ئـەو خواردنانەی بەکار دەهێنرێن، ڕای دەگـەیـەنـین. ئـەوەشی خـسـتـە ڕوو، بۆ خـواردنی فـرۆشگەی قـوتـابـخـانـەکـان وەزارەتی پـەروەردە ئـەو بەرنامەی لەبەردەست دایە، بۆ ئەوەی ئەو خواردنانەی زیان بە تەندروستیی قوتابییان دەگەیەنن، لابـبـرێن. ئـالان حەمەسەعید گوتیشی: هێشتا بەتەواوی بڕیارەکە نەدراوە و ڕەشنووسەکە دیراسەی تێیدا دەکەین.

کۆیە... سەنتەرێکی شووشتنەوەی گورچیلە دەکرێتەوە



لەسـەر بـودجـەی وەزارەتی تـەنـدروسـتـیی عێـراق سـەنـتـەرێـکی شـوشـتـنـەوەی گـورچـیـلـە لـە شـاری کـۆیـە دەکـرێـتـەوە و گـوتـەبێژی تەندروستیی کۆیەش ئاشکرای کـرد بـەهۆی کـەمـوکـورتی لـە کـارەکـانـیـدا دروسـتـکـردنی سـەنـتـەرەکـە لـە کـۆمـپـانـیـاکـە وەرگیراوەتەوە.

هـاوکـار عـەلی، گـوتـەبێژی تەندروستی کۆیە بە باسنیوزی ڕاگـەیـانـد: بۆ یـەکـەمـجـار سـەنـتـەرێـکی شـوشـتـنـەوەی گـورچـیـلـە لـە شـاری کـۆیـە دروست دەکـرێـت کـە لـەسـەر بـودجـەی وەزارەتی تـەنـدروسـتـیی عێـراقـە.

گـوتـیـشی: هـەرچـەنـدە سەنتەرەکە کەوتووەتە بواری جێبەجێکردن و بەشێکی زۆری کارەکـانـیشی تـەواو کـراوە، بـەڵام بـەهۆی کـەمـوکـورتی و کـەمـتـەرخـەمـیی کۆمپانیای جێـبـەجـێـکـار، وەزارەتی تەندروستیی عێراق کارەکەی لە کۆمپانیاکە وەگرتووەتەوە و بڕیارە بیداتە کۆمپانیایەکی دیکە، بۆ ئەو مەبەستە کاری پێویست کراوە. باسی لەوەش کـرد بـڕیـارە کـارەکـانـی دروستکردنی سەنتەرەکە تا سەرەتای ساڵی داهاتوو تەواو بکرێن و بەڕووی نەخۆشاندا بکرێتەوە. دواتر لەلایەن بەرپرسانی ئامادەبووەوە بڕوانامەی دەرچوون و دیاری ڕێزلێنان بـەخـشـرایـە بەشداربووانی خولەکە، شایەنی باسە 80 کادیر بەشداریان لەخولەکەدا کردو ماوەی دوو هـەفـتـەی خـایـانـدو بـەسـەر کەوتوویی کۆتایی پێهات.

لە 70٪ی هاوولاتیانی گەرمیان لەلایەن پزیشکانەوە ڕەوانەی نۆرینگەکان دەکرێن

خەبات- سەپریە یوسف:

بەپێی ڕاپرسیەک لە سنووری ئیدارەی گەرمیان، لە 70%ی پزیشکان نەخۆش لە نەخۆشخانەکانەوە دەگوازنەوە بۆ نۆرینگە ئەهلیەکان. بەپێی ئەو ڕاپرسیە کە یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان ئەنجامیداوەو وێنەیەکی ڕاپرسیەکە بەخەبات دراوە هاتووە: لەنێو هاوولاتیانی کەلاردا، ڕاپرسیەک ئەنجامدراوەو چەند ڕۆژێکی خایاندوەو وتە لە هاوڵاتیان وەرگیراوە لەسەر ڕاپرسیەکە و پرسیاریان لێکراوە تاچەند لە لایەن پزیشکانەوە ئاگادار کراویتەوە لەوەی سەردانی نۆرینگەی پزیشکان بکەیت، لە 70%ی هاوڵاتیان باسیان لەوەکردوە لەلایەن پزیشکانەوە ئاگادارکراونەتەوە کاتێکی تر سەردانی بکەن لەنۆرینگە. ئەو ڕاپرسیەبە پشت بەستن بە ووتەی هاوولاتیان پزیشکان باسیان لەوەکردوە لە نەخۆشخانەی زۆر بواریان نییە. هاوڵاتیان بە پێویستی دەزانن کە تەندروستی گەرمیان، لەسەر ئەو گرفتەبێتەدەنگ و کەمتەرخەمی پزیشکان قبوڵ نەکات.

دهۆک... عمبارەکا دەرمانێن قاچاخ هاتە گرتن



عـمـبـارەکـا دەرمـانێن قـاچـاخ داخـسـت. جـەهـەر عـەلی قـایـقـامێ قـەزا دهـوکێ ئـاشـکـراکـریـە، هـەیـامـەکـە دیفچوون ژ ئالیێ پشکا ئابوری ل ئاسایشا دهۆکێ بۆ عمبارێن دەرمانا دکەت و جهێ عمبار یێ نـەگـونجـای بـوویـە وچ قـایـقـامـیـا قـەزا دهۆکێ د لاپەرەیێ خۆ یێ تـایـبـەت د تووڕا جڤاکیا فەیسبوکی دا بەلاڤکریە، ڕۆژا 5ێ ئەیلونا 2019ێ لـیژنـا دوفـچـوونـا دەرمـانـا ب سـەرۆکـاتـیـا قائیمقامیا قەزا دهۆکێ ل تاخێ شێـلـێ ل بـاژێـرێ دهۆکێ ڕێنمایێن عـمـبـارکـرنێ تێدا نـەبـوون. هـەروەسـا د نـاڤ عـەمـبـارێ دا چەندین جورێن دەرمانا هەبوون کو پتریا وان ب ڕێکێن قەچاخ و نەقانونی و قـەدەغـەکـریـنـە و ب دەرمـانـخـانـەییێن سـنـورێ پارێزگەها دهۆکێ فروشتنە.

سەرمایەی وەبەرهێنان لە 40 ملیار دۆلارەوە بۆ 80 ملیار بەرزدەکرێتەوە

گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان: لەم کابینەیەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاستی وەبەرهێنانی بیانی لە ڕێژەی 23٪ەوە دەگەیەندرێتە 40٪



سەرمایەی وەبەرهێنان لە 45 ملیار دۆلارەوە دەگەیەندرێتە 80 ملیار دۆلار و کار بۆ ژێرخان دەکرێت

خەبات: سلێمانی

گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان، یاسین مەحمود ئاماژەی بەوەکرد لەو 10هەزار پڕۆژەیەی پێشتر بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعشەوە وەستابوون، ڕێژەی 70%یان دەستیان پێکردووەتەوە.

یاسین مەحمود ناسراو بە"مەلا یاسین"، سەبارەت بە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان و ڕەوشی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا و بارودۆخی ئەم بوارە لە هەڤپەیڤینێکدا ڕایگەیاند: وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە، بەتایبەتی دوای پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێم و گۆڕێبستبوونمان بۆ کارنامەکەی حکوومەتەکەی مەسرور بارزانی.



یاسین مەحمود

هەروەها گوتی: ئەوەی ئێمە لەهەرێمی کوردستان کردوومانە وەبەرهێنانێکی زۆر جۆریی نەبوو، ڕاستە بایی زیاتر لە 45ملیار دۆلار مۆڵەتی وەبەرهێنان لە سێکتەرە جیاوازەکان هەیە، وەکو سێکتەرەکانی بازرگانی، نیشتەجێبوون، گەشتوگوزار، پەروەردە و فێرکردن، تەندروستی لەگەڵ بوارەکانی دیکەشدا. وەبەرهێنانی بیانی لە هەرێمی کوردستان بەهاوبەشیشەوە ڕێژەی 25 %ی کۆی سەرمایەی وەبەرهێنان تێپەڕ ناکات. بەڵام لەم کابینەیەدا حکوومەتی هەرێمی کوردستان کار بۆ دوو بواری سەرەکی دەکرێت لەم ڕووەوە، ئەوانیش بریتیین لە: یەکەم کار بۆ زیادکردنی وەبەرهێنانی بیانیی دەکات، بەتایبەت لە ئێستادا کە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کێشەیەکی زۆر هەن، لەهەندێک وڵاتدا بەهۆی قەیرانی دارایی، لەهەندێک وڵاتی وەکو ئێران بەهۆی سزاکانی سەری، لە سوریا کە بە بارودۆخی شەڕدا تێدەپەڕێت، لە تورکیاشدا کێشەی دراو هەیە و یاریی دەکات، ئەمە وا دەکات بەپێی ئەو داتایانەی کە لەبەردەستی یەکێتیی وەبەرهێنانداین، وەبەرهێنەرانی ئەو وڵاتانە ڕوو بکەنە هەرێمی کوردستان".

To see the full requirements please view the job vacancy on our website.

Only applicants meeting the strict criteria outlined above will be contacted as part of the shortlisting process. Please do not apply if you do not meet the requirements.

تێبینی:
- ئەوەی نیازی کارکردنی هەیە، تکایە داواکاری CV تۆمار بکە لە مالپەڕی www.mselect.iq ژمارەی کار 1664
- دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنی دەواکاریەکان 10 ڕۆژە لەبەرواری ئەم ئاگادارییە.

بابەت / ئاگاداری

کۆمپانیای **MSELECT** پێویستی بە کارمەندی (**Telemetry/SCADA Specialist**) هەیە بۆ کۆمپانیایەکی گرنگ لە بواری نەوت و گاز لە هەولێر، نەزموونی 2-4 ساڵ کارکردنی هەبێ لە هەمان بوار. ئەمەی خوارەوە کورتەیەکە لە تایبەتمەندی کارەکە.

Key requirements:

- Minimum 2-4 years of related experience in SCADA telemetry system
- High professional education degree is required
- Ability to work well with others in a culturally diverse; multi-functional team environment
- Good communication and interpersonal skills
- Fluency in English is a must

To see the full requirements please view the job vacancy on our website.

Only applicants meeting the strict criteria outlined above will be contacted as part of the shortlisting process. Please do not apply if you do not meet the requirements.

تێبینی:
- ئەوەی نیازی کارکردنی هەیە، تکایە داواکاری CV تۆمار بکە لە مالپەڕی www.mselect.iq ژمارەی کار 1680
- دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنی دەواکاریەکان 10 ڕۆژە لەبەرواری ئەم ئاگادارییە.

www.mselect.iq info@mselect.iq

mselect.

بابەت / ئاگاداری

کۆمپانیای **MSELECT** پێویستی بە کارمەندی (**CSR Specialist**) هەیە بۆ کۆمپانیایەکی گرنگ لە بواری نەوت و گاز لە هەولێر، نەزموونی 2-4 ساڵ کارکردنی هەبێ لە هەمان بوار. ئەمەی خوارەوە کورتەیەکە لە تایبەتمەندی کارەکە.

Key requirements:

- At least 2-4 years of relevant experience in a similar role
- High professional education degree is required
- Ability to think strategically, analyze large amount of data and information objectively, and make quick decisions
- Strong interpersonal, communication and collaborative skills
- English and Kurdish fluency is a must
- Advanced user of MS Office: Word, Excel, Power Point, Access, Outlook, Visio

To see the full requirements please view the job vacancy on our website.

Only applicants meeting the strict criteria outlined above will be contacted as part of the shortlisting process. Please do not apply if you do not meet the requirements.

تێبینی:
- ئەوەی نیازی کارکردنی هەیە، تکایە داواکاری CV تۆمار بکە لە مالپەڕی www.mselect.iq ژمارەی کار 1690
- دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنی دەواکاریەکان 10 ڕۆژە لەبەرواری ئەم ئاگادارییە.

بابەت / ئاگاداری

کۆمپانیای **MSELECT** پێویستی بە کارمەندی (**Chief Planning and Reporting Specialist**) هەیە بۆ کۆمپانیایەکی گرنگ لە بواری نەوت و گاز لە هەولێر، نەزموونی 3-5 ساڵ کارکردنی هەبێ لە هەمان بوار. ئەمەی خوارەوە کورتەیەکە لە تایبەتمەندی کارەکە.

Key requirements:

- At least 3-5 years of relevant experience in a similar role
- High professional education degree is required
- Ability to think strategically, analyze large amount of data and information objectively, and make quick decisions
- Strong interpersonal, communication and collaborative skills
- Must have demonstrated managerial skills
- English and Kurdish fluency is a must
- Advanced user of MS Office: Word, Excel, Power Point, Access, Outlook, Visio

To see the full requirements please view the job vacancy on our website.

Only applicants meeting the strict criteria outlined above will be contacted as part of the shortlisting process. Please do not apply if you do not meet the requirements.

تێبینی:
- ئەوەی نیازی کارکردنی هەیە، تکایە داواکاری CV تۆمار بکە لە مالپەڕی www.mselect.iq ژمارەی کار 1677
- دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنی دەواکاریەکان 10 ڕۆژە لەبەرواری ئەم ئاگادارییە.

بابەت / ئاگاداری

کۆمپانیای **MSELECT** پێویستی بە کارمەندی (**Cost Controller**) هەیە بۆ کۆمپانیایەکی گرنگ لە بواری نەوت و گاز لە هەولێر، نەزموونی 2-4 ساڵ کارکردنی هەبێ لە هەمان بوار. ئەمەی خوارەوە کورتەیەکە لە تایبەتمەندی کارەکە.

Key requirements:

- University degree in economics, accounting or business administration
- ACCA, CPA, CIA, CMA, CIMA qualification would be an asset
- Knowledge of finance, accounting, budgeting and cost control principles including General Accepted Accounting Principles (US GAAP or IFRS)
- Knowledge of and practical experience in financial reporting under standards applied in Kurdistan Region – Iraq is a plus
- 2-4 years of in-depth accounting experience in financial departments of oil & gas /exploration/ audit companies
- Understanding of influence of management decisions on financial statements, ability to analyze data and draft operational reports
- Understanding the economics of the Product Sharing Contracts (PCS), work experience with the PSC
- Must have advanced Excel skills
- Excellent attention to detail, ability to multitask

To see the full requirements please view the job vacancy on our website.

Only applicants meeting the strict criteria outlined above will be contacted as part of the shortlisting process. Please do not apply if you do not meet the requirements.

تێبینی:
- ئەوەی نیازی کارکردنی هەیە، تکایە داواکاری CV تۆمار بکە لە مالپەڕی www.mselect.iq ژمارەی کار 1663
- دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنی دەواکاریەکان 10 ڕۆژە لەبەرواری ئەم ئاگادارییە.

www.mselect.iq info@mselect.iq

بابەت / ئاگاداری

کۆمپانیای **MSELECT** پێویستی بە کارمەندی (**Senior Controlling Manager**) هەیە بۆ کۆمپانیایەکی گرنگ لە بواری نەوت و گاز لە هەولێر، نەزموونی 7 ساڵ کارکردنی هەبێ لە هەمان بوار. ئەمەی خوارەوە کورتەیەکە لە تایبەتمەندی کارەکە.

Key requirements:

- At least 7 years of relevant experience in a similar role
- High professional education degree is required
- English and Kurdish fluency is a must
- Advanced user of MS Office: Word, Excel, Power Point, Access, Outlook, Visio

To see the full requirements please view the job vacancy on our website.

Only applicants meeting the strict criteria outlined above will be contacted as part of the shortlisting process. Please do not apply if you do not meet the requirements.

تێبینی:
- ئەوەی نیازی کارکردنی هەیە، تکایە داواکاری CV تۆمار بکە لە مالپەڕی www.mselect.iq ژمارەی کار 1685
- دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنی دەواکاریەکان 10 ڕۆژە لەبەرواری ئەم ئاگادارییە.

بابەت / ئاگاداری

کۆمپانیای **MSELECT** پێویستی بە کارمەندی (**Administration Assistant**) هەیە بۆ کۆمپانیایەکی گرنگ لە بواری نەوت و گاز لە هەولێر، نەزموونی 1-3 ساڵ کارکردنی هەبێ لە هەمان بوار. ئەمەی خوارەوە کورتەیەکە لە تایبەتمەندی کارەکە.

Key requirements:

- Minimum 1-3 years of related administration experience
- High education degree is required
- Strong interpersonal, communication, negotiation, and collaborative skills
- Fluent English
- Advanced user of MS Office: Word, Excel, Power Point, Access, Outlook, Visio

To see the full requirements please view the job vacancy on our website.

Only applicants meeting the strict criteria outlined above will be contacted as part of the shortlisting process. Please do not apply if you do not meet the requirements.

تێبینی:
- ئەوەی نیازی کارکردنی هەیە، تکایە داواکاری CV تۆمار بکە لە مالپەڕی www.mselect.iq ژمارەی کار 1659
- دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنی دەواکاریەکان 10 ڕۆژە لەبەرواری ئەم ئاگادارییە.

www.mselect.iq info@mselect.iq

بابەت / ئاگاداری

کۆمپانیای **MSELECT** پێویستی بە کارمەندی (**Construction Manager**) هەیە بۆ کۆمپانیایەکی گرنگ لە بواری نەوت و گاز لە هەولێر، نەزموونی 6 ساڵ کارکردنی هەبێ لە هەمان بوار. ئەمەی خوارەوە کورتەیەکە لە تایبەتمەندی کارەکە.

Key requirements:

- Minimum 6 years of related experience in construction
- High professional education degree is required
- Ability to work well with others in a culturally diverse; multi-functional team environment
- Good communication and interpersonal skills
- Fluency in English is a must

To see the full requirements please view the job vacancy on our website.

Only applicants meeting the strict criteria outlined above will be contacted as part of the shortlisting process. Please do not apply if you do not meet the requirements.

تێبینی:
- ئەوەی نیازی کارکردنی هەیە، تکایە داواکاری CV تۆمار بکە لە مالپەڕی www.mselect.iq ژمارەی کار 1682
- دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنی دەواکاریەکان 10 ڕۆژە لەبەرواری ئەم ئاگادارییە.

بابەت / ئاگاداری

کۆمپانیای **MSELECT** پێویستی بە کارمەندی (**Senior Reservoir Engineer**) هەیە بۆ کۆمپانیایەکی گرنگ لە بواری نەوت و گاز لە هەولێر، نەزموونی 5-7 ساڵ کارکردنی هەبێ لە هەمان بوار. ئەمەی خوارەوە کورتەیەکە لە تایبەتمەندی کارەکە.

Key requirements:

- 5-7 years of experience as a reservoir / petroleum engineer / production and field operations with experience in supervisory / leadership responsibilities.
- Fluent English
- Advanced user of MS Office: Word, Excel, Power Point, Access, Outlook, Visio.
- Previous managerial / team leader experience with multi-cultural teams.

To see the full requirements please view the job vacancy on our website.

Only applicants meeting the strict criteria outlined above will be contacted as part of the shortlisting process. Please do not apply if you do not meet the requirements.

تێبینی:
- ئەوەی نیازی کارکردنی هەیە، تکایە داواکاری CV تۆمار بکە لە مالپەڕی www.mselect.iq ژمارەی کار 1683
- دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنی دەواکاریەکان 10 ڕۆژە لەبەرواری ئەم ئاگادارییە.

www.mselect.iq info@mselect.iq

بابەت / ئاگاداری

کۆمپانیای **MSELECT** پێویستی بە کارمەندی (**IT Specialist**) هەیە بۆ کۆمپانیایەکی گرنگ لە بواری نەوت و گاز لە هەولێر، نەزموونی 3-4 ساڵ کارکردنی هەبێ لە هەمان بوار. ئەمەی خوارەوە کورتەیەکە لە تایبەتمەندی کارەکە.

Key requirements:

- Degree in Information Technology, Computer Science or a related discipline; professional certification (e.g. Microsoft Certified Systems Administrator (MCSA)) is a plus
- 3-4 years in the same role of the position
- Good knowledge of written and spoken English and Kurdish

To see the full requirements please view the job vacancy on our website.

Only applicants meeting the strict criteria outlined above will be contacted as part of the shortlisting process. Please do not apply if you do not meet the requirements.

تێبینی:
- ئەوەی نیازی کارکردنی هەیە، تکایە داواکاری CV تۆمار بکە لە مالپەڕی www.mselect.iq ژمارەی کار 1646
- دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنی دەواکاریەکان 10 ڕۆژە لەبەرواری ئەم ئاگادارییە.

بابەت / ئاگاداری

کۆمپانیای **MSELECT** پێویستی بە کارمەندی (**Logistics Coordinator**) هەیە بۆ کۆمپانیایەکی گرنگ لە بواری نەوت و گاز لە هەولێر، نەزموونی 2-4 ساڵ کارکردنی هەبێ لە هەمان بوار. ئەمەی خوارەوە کورتەیەکە لە تایبەتمەندی کارەکە.

Key requirements:

- Minimum 2-4 years of related logistics experience
- High professional education degree is required
- Strong interpersonal, communication, negotiation, and collaborative skills
- Understanding of general logistics processes / local logistics rules and regulations
- Fluent English
- Advanced user of MS Office: Word, Excel, Power Point, Access, Outlook, Visio

To see the full requirements please view the job vacancy on our website.

Only applicants meeting the strict criteria outlined above will be contacted as part of the shortlisting process. Please do not apply if you do not meet the requirements.

تێبینی:
- ئەوەی نیازی کارکردنی هەیە، تکایە داواکاری CV تۆمار بکە لە مالپەڕی www.mselect.iq ژمارەی کار 1671
- دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنی دەواکاریەکان 10 ڕۆژە لەبەرواری ئەم ئاگادارییە.

www.mselect.iq info@mselect.iq

بابەت / ئاگاداری

کۆمپانیای **MSELECT** پێویستی بە کارمەندی (**Logistics Specialist**) هەیە بۆ کۆمپانیایەکی گرنگ لە بواری نەوت و گاز لە هەولێر، نەزموونی 2-4 ساڵ کارکردنی هەبێ لە هەمان بوار. ئەمەی خوارەوە کورتەیەکە لە تایبەتمەندی کارەکە.

Key requirements:

- Minimum 2-4 years of relevant drilling engineering experience
- High professional education degree is required
- Strong interpersonal, communication and collaborative skills
- Strong understanding of international engineering principles
- English fluency is a must
- Advanced user of MS Office: Word, Excel, Power Point, Access, Outlook, Visio

To see the full requirements please view the job vacancy on our website.

Only applicants meeting the strict criteria outlined above will be contacted as part of the shortlisting process. Please do not apply if you do not meet the requirements.

تێبینی:
- ئەوەی نیازی کارکردنی هەیە، تکایە داواکاری CV تۆمار بکە لە مالپەڕی www.mselect.iq ژمارەی کار 1660
- دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنی دەواکاریەکان 10 ڕۆژە لەبەرواری ئەم ئاگادارییە.

بابەت / ئاگاداری

کۆمپانیای **MSELECT** پێویستی بە کارمەندی (**Sedimentology Specialist**) هەیە بۆ کۆمپانیایەکی گرنگ لە بواری نەوت و گاز لە هەولێر، نەزموونی 2-4 ساڵ کارکردنی هەبێ لە هەمان بوار. ئەمەی خوارەوە کورتەیەکە لە تایبەتمەندی کارەکە.

Key requirements:

- Minimum 2-4 years of related sedimentology experience
- High professional education degree is required
- Strong interpersonal, communication, negotiation, and collaborative skills
- Fluent English
- Advanced user of MS Office: Word, Excel, Power Point, Access, Outlook, Visio

To see the full requirements please view the job vacancy on our website.

Only applicants meeting the strict criteria outlined above will be contacted as part of the shortlisting process. Please do not apply if you do not meet the requirements.

تێبینی:
- ئەوەی نیازی کارکردنی هەیە، تکایە داواکاری CV تۆمار بکە لە مالپەڕی www.mselect.iq ژمارەی کار 1673
- دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنی دەواکاریەکان 10 ڕۆژە لەبەرواری ئەم ئاگادارییە.

www.mselect.iq info@mselect.iq

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/9/8 ژمارە (5823)

گاردی پادشایەتی بەریتانیا..
پاسەوانانی ژیان یان پارێزەرانی عەرشی شاژن؟

ئا: هەندرین شێرزاد

لەندەنی پایتەختی بەریتانیا چەندین شوێنی میژوویی و گەشتیاری سەرنجڕاکێش دەگرێتە خۆی و سالانە چەندین ملیۆن گەشتیار لە سەرتاسەری جیهان رووی تێدەکەن. ئەمە شتێکی سەیر نیە ، چونکە لەم شارەدا میژوو و ئەرستۆقراتیەت و پێشکەوتن و تازەگەری تێکەڵی یەک کراون ، لەنێو ئەم سیفەتانەشدا خانەوادەی پادشایەتی پێگە و گرنگی تایبەتی هەیە و لە سەرتاسەری جیهاندا ژمارەیەکی کەموێنەی خەڵک چاودێری ئەندامانی ئەم خانەوادەیە دەکەن ، تەنانەت وای لێهاتووە هەموو ئەو شتانەی پەیوەندیان بەم خانەوادەیەوە هەیە بوونەتە هێمای بازرگانی .



پاسەوانانی شاژن

لەوێ، پاسەوانانی شاژن یان گاردی پادشایەتی بەریتانیا ، بە جل و کەلوپەل و جلە تایبەتەکانیان بوونەتە هێما و سەرنجی زۆربەی ئەو گەشتیارانە رادەکێشن کە سەردانی لەندەنی پایتەخت دەکەن و دەخوازن وێنەیان لەگەڵ بگرن ، لەوە زیاتر ، ئەندامانی ئەو گاردە و شوێنەکانیان بوونەتە پێگەی گەشتیاری گرنگ بە تایبەتی مەراسیمی رۆژانەی ئالوگۆرکردنی پاسەوانان لەبەردەم کۆشکی باکینگهام کە 45خولەک دەخایەنێ و تیایدا پرۆتۆکۆلێکی تووند و دێرین بەدی دەکرێ وەک ئاماژەیەک بۆ رابردووی ئەو تیمە سەربازیەی کە بە یەکێک لە کۆنترین یەکە سەربازیەکانی جیهان دادەنرێ.

کۆنترین یەکەی سەربازی

گاردی پادشایەتی بەریتانیا بە یەکێک لە کۆنترین یەکە سەربازیەکانی جیهان دادەنرێ و لە سالی 1660ەوە لەلایەن شا چارلی دووەمەوە دامەزراوە ، شای ناوبراو لەلایەن ناحەزانیەوە هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە ، بۆیە بڕیاری داوە یەکەیەکی سەربازی تایبەت دابمەزرێنێ کە سەربازانی نوخبەی وڵات بگرێتە خۆی و ئەرکی پاراستنی پادشا و شوێنەکانی ژیانی پێ بسپێرێ . لەو کاتەوە تا ئێستا ئەمە ئەرکی سەرەکی ئەو گاردەیە و ئەگەرچیش ئەمڕۆ زیاتر رۆڵی ئەم یەکە سەربازیە رەمزی و پرۆتۆکۆلیە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پاسەوانانی شاژن پاسەوانن و لە چوارچێوەی سوپای وڵاتەکەیاندا ئەرکی سەربازیان پێ دەسپێردرێ .

نازناو، ئەرک ، پێکهاتە

گاردی پادشایەتی بەریتانیا چەند ناو و نازناوێکی بۆ تەرخان کراوە ، لەوانە پاسەوانانی ژیان وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی ئەم سەربازانە خاوەنی عەرشی بەریتانیا دەپارێزن ، هەروەها ئەو یەکە سەربازیە نازناوی پاسەوانانی شاژنیشی هەیە .ئەم هێزە تایبەتە یەکێکە لە کەتیبەکانی سوپای بەریتانیا و لە حەوت فەوج پێکدێت ، فەوجی یەکەم لە ئەوانی تر بەناوبانگ تر و فەوجی سوارچاکانی کۆشک یان پاسەوانانی ژیان ناو دەبرێ و لە گرووپێک پێکدێت پێیان دەڵێن شینەکان وەک هێمایەک بۆ ئەو جلە شینانەی دەیپۆشن، بەشێکی دیکە بە پادشاییەکان ناو دەبرێن و جلی سوور و کڵاوی رەشی درێژ دەپۆشن . دوای ئەوان پاسەوانانی زەمینی دێن و لە پێنج فەوج پێکدێن و بریتین لە بۆمبهاوێژەکان و لە کاتی بژنە فەرمیەکاندا ئەرکی تەقاندنی تۆپیان پێ سپێردراوە ، ئەمە جگە لە فرقەکانی گۆلد ستریم و پاسەوانی سکۆتلەندی و ئیرلەندی و وێڵزی .

شوێنەکانی کار

بە شێوەیەکی گشتی پاسەوانانی پادشایەتی زیاتر لە لەندەنی پایتەخت و چەند شوێنێکی دیکەی دیاریکراو و پەیوەست بە شاژن بڵاوەیان پێ کراوە ، جگە لەوە بەشێکیان لە چەند باڵەخانەیەکی سەر بە سوپای بەریتانیان وەک مۆزەخانەی جەنگی، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بوونی ئەم پاسەوانانە زیاتر لە کۆشکی باکینگهام و کۆشکی سانت جیمس بەدی دەکرێن کە شوێنی سەرەکی هەموو بژنە و مەراسیمە فەرمیەکانی شاژن، هەروەها ئەوان لە تاوەری گەشتیاری لەندەنیش بوونیان هەیە . نابێ ئەوەش لەیاد بکەین کە بەشێکی ئەو پاسەوانانە لە کۆشکی ویندسۆر بەدی دەکرێن، بەو پێیەی بارەگای شاژنە، هەروەها لەسەر ئاستی جیهان گەورەترین قەڵایە کە ژیانی تیادا بەردەوامە.

مەراسیمی ئاڵوگۆڕکردنی پاسەوانان

ڕۆژانە کاتژمێر 11ی پێش نیوەڕۆ لەبەردەمی کۆشکی باکینگهامدا مەراسیمی ئاڵوگۆڕی پاسەوانان بەڕێوە دەچێ. سەرەتا فرقەیەک لە پاسەوانانی پادشایەتی بە ژمێنی موزیکی تایبەت بەم فەوجە دێنە پێشەوە، دوای ئەوان گرووپێک دێت کە لە 40سەرباز پێکدێت و بەسەر دوو گرووپ دابەش کراون، لەپێش هەر گرووپێک ئەفسەرێک بەدی دەکرێ ، مەراسیمەکە لەلایەن هێزی تایبەتەوە پارێزگاری لێدەکرێ . دەبێ بزانین کە یەکەم مەراسیمی هاوشێوە 520 ساڵ لەمەوبەر لەبەردەمی کۆشکی وایت هۆل ئەنجام دراوە و دواتر گوێزراوەتەوە بۆ کۆشکی باکینگهام .

پاراستنی کۆشک

ئەگەرچی ئەم پاسەوانانە لە ئەرکەکانیان زۆر ورد و تووندن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە سەرکەوتوو نەبوون لە ئەرکەکانیان . ساڵی 1982کەسێک توانیبووی سەرجەم خاڵەکانی پاسەوانان ببەزێنێ لەناو کۆشکی باکینگهامدا خۆی بگەیەنێتە ژوورەی نوستنی شاژن ، بەڵام ئەو کاتە شاژن لە کۆشک نەبوو و دواجار ئەو کەسە لەلایەن پۆلیس دەستگیر کرا . هەروەها ساڵی 2004 کەسێکی نارازی توانی خۆی بگەیەنێتە نزیک شوێنی پێشوازیکردن لە کۆشک و دوای چەند کاتژمێرێک کەسەکە دەستگیر کرا .بۆیە لەو کاتەوە زۆربەی حالەتی هاوشێوە بە پۆلیس سپێردراوە و تەنیا لە کاتی زۆر مەترسیدار نەبێ پاسەوانان بۆیان نیە تەقە بکەن .

هەموو جولەیەک نرخی هەیە

لەنێو گاردی پادشایەتیدا ژمارەیەک یاسای توند هەن هیچ پاسەوانێک بۆی نیە بە هیچ شێوەیەک پێشێلیان بکات ، بۆیە زۆر جار ئەو پاسەوانانە لە هۆش خۆیان دەچن بەڵام ئەوانی تر لە کارەکەیان بەردەوام دەبن و ئالوگۆڕی پاسەوانان بەڕێوە دەچێ. سەرەتا فرقەیەک لە پاسەوانانی پادشایەتی بە ژمێنی موزیکی تایبەت بەم فەوجە دێنە پێشەوە، دوای ئەوان گرووپێک دێت کە لە 40سەرباز پێکدێت و بەسەر دوو گرووپ دابەش کراون، لەپێش هەر گرووپێک ئەفسەرێک بەدی دەکرێ ، مەراسیمەکە لەلایەن هێزی تایبەتەوە پارێزگاری لێدەکرێ . دەبێ بزانین کە یەکەم مەراسیمی هاوشێوە 520 ساڵ لەمەوبەر لەبەردەمی کۆشکی وایت هۆل ئەنجام دراوە و دواتر گوێزراوەتەوە بۆ کۆشکی باکینگهام .

پاراستنی کۆشک

ئەگەرچی ئەم پاسەوانانە لە ئەرکەکانیان زۆر ورد و تووندن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە سەرکەوتوو نەبوون لە ئەرکەکانیان . ساڵی 1982کەسێک توانیبووی سەرجەم خاڵەکانی پاسەوانان ببەزێنێ لەناو کۆشکی باکینگهامدا خۆی بگەیەنێتە ژوورەی نوستنی شاژن ، بەڵام ئەو کاتە شاژن لە کۆشک نەبوو و دواجار ئەو کەسە لەلایەن پۆلیس دەستگیر کرا . هەروەها ساڵی 2004 کەسێکی نارازی توانی خۆی بگەیەنێتە نزیک شوێنی پێشوازیکردن لە کۆشک و دوای چەند کاتژمێرێک کەسەکە دەستگیر کرا .بۆیە لەو کاتەوە زۆربەی حالەتی هاوشێوە بە پۆلیس سپێردراوە و تەنیا لە کاتی زۆر مەترسیدار نەبێ پاسەوانان بۆیان نیە تەقە بکەن .

هەموو جولەیەک نرخی هەیە

لەنێو گاردی پادشایەتیدا ژمارەیەک یاسای توند هەن هیچ پاسەوانێک بۆی نیە بە هیچ شێوەیەک پێشێلیان بکات ، بۆیە زۆر جار ئەو پاسەوانانە لە هۆش خۆیان دەچن بەڵام ئەوانی تر لە کارەکەیان بەردەوام دەبن و بڵێن : لە پاسەوانانی شاژن دوور بکەونەوە ، پاسەوان چەند جارێک ئەمە دووبارە دەکاتەوە. ئەگەر کەسەکە هەر بەردەوام بوو ، پاسەوان چەکەکەی دادەنێ وەک ئاماژەیەک بۆ ئامادەبوون و هەڕەشەکردن ، دواتر لە نێوان دوو ئەگەردا یەکێکیان هەڵدەبژێرێ ، یان بەخۆی کەسەکە دەستگیر دەکات یان داوای یارمەتی لە پۆلیس دەکات .

ئەوەی پێبکەنێ، باجەکەی دەدات

بەو پێیەی ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیاران روو دەکەنە شوێنی کارکردنی گاردی پادشایەتی ، بەشێکی ئەو گەشتیارانە هەوڵ دەدەن پاسەوانان ناچار بکەن جولەیەک بکەن ، بەڵام ئەوان بەهیچ شێوەیەک لە شوێنی خۆیان ناجوڵێن و هیچ کاردانەوەیەک نانوێنن . بەو پێیەی بە گوێرەی ڕێنماییەکان هەر سەربازێک تەنانەت زەردەخەنەیەکیشی پێوە دیار بێ بە بڕی 400ۆلار سزا دەدرێن .

مانشێت



سکای نیوز:
ڕۆبەرت مۆگابی سەرۆکی پێشووی زمبابۆی لە تەمەنی 95 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد ، ناوبراو لە ساڵی 1980وە تا ساڵی 2017سەرۆکی ئەو وڵاتە بووە و لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە وەک دکتاتۆر وەسف کراوە .




ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
بۆریس جۆنسۆنی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا لە بەرامبەر ناڕەزایی پەرلەمانی وڵاتەکەی داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختەی کرد .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی مۆرکردنی ڕێککەوتنی ئاشتی لە نێوان ئەمەریکا و بزووتنەوەی تاڵیبان، چەکدارانی سەر بەو بزووتنەوەیە هێرشیان کردە سەر ویلایەتی فراهی ئەفغانستان .



ئیلاف:
باهۆزی دوریان لە دووڕگەکانی باهاماس بووە هۆی کوژرانی 43کەس ، هەروەها زیانێکی مادەی زۆری بە دووڕگەکان گەیاند .



ئەی ئێف پی:
حکوومەتی دانیمارک ڕایگەیاند کە بەنیازە لە شەڕی دژ بە ڕێکخراوی داعشدا ڕۆڵی کاراتر ببینێ .



کەنالی ئار تی:
ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند کە لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا 72کارمەندی سەر بە UNلە ناوچە جیاجیاکانی جیهان گیانیان لەدەست داوە .

کاریکاتێر



ڕزگار ڕەنجەڕۆ گەڕانەوە بۆ ڕەگ و ڕیشە



ئامادەکردنی: پەریها عومەر

هونەرمەند "ڕزگار ڕەنجەڕۆ" بەگۆرانی و حەیرانەکانی هەمیشە گۆیگرانی بەدەنگە خۆش و پڕ لەهەستی کوردایەتی سەرسام کردووە، ڕەنجەڕۆ هەر بەتەنها هونەرمەند نییە بەڵکو لەبواری خوێندن و زانست، توانیویەتی بگات بە ئاستێکی بەرز و چەندین بڕوانامەو ڕێزلێنانی بەدەستهێناوە، لێرەدا گوزەرێک بەژیان و بەرهەم و کارو چالاکییەکانی ناوبراو کوردە دەکەین.

کورتەیەک لەژیانی

(ڕزگار محەمەد شێخ محەمەد) لە 7/ 7/1961لە شارۆچکەی گوێڕی سەر بەقەزای مەخمور لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (مستەوفی) لەشاری هەولێر تەواوکردووە، قۆناغی ناوەندی لەقوتابخانەی برایی و قۆناغی ئامادەیی لەئامادەیی کوردستان لەهەولێر تەواوکردووە، ژیانی خێزانی پێکهێناوە، ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان و ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە، هەروەها لەزۆربەی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان بابەت و وتاری جۆراوجۆر بلاوەدەکاتەوە چەندین کۆڕی ڕۆشنبیری لەکوردستان ئەنجامداوە، شایەنی باسە هەندێ نووسین و توێژینەوەی زانستی ئامادەیە بۆ چاپ لەوانە: (نەورۆز لە نێوان زانست و ئەفسانەدا) و (کانی باسی مامۆستا قادر دیلان) و (ڕۆڵی تەعریب لەهونەری مۆسیقا و گۆرانی کوردیدا (بلاونەکراوەتەوە)و(نەتەوە ڕەسەنەکانی میزۆپۆتامیا)، ڕەنجەڕۆ لەڕۆژی 1981/ 11/27بەمەبەستی خوێندنی بالا ڕووی لەهەندەران کردووە، ئێستا خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە و بەڕێرسی پەیوەندییەکانی کۆڕی زانیاری سربیایە.

کار و چالاکییەکانی

هونەرمەند ڕزگار ڕەنجەڕۆ لە دوای شۆڕشی ئەیلول لەڕێگای هونەرەوە ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی بینیوە، لە هەندەرانیش تاڕووخانی ڕژێمی بەعس هەر لەو سەنگەرە دابووە، لەسالانی 1985تا ڕووخانی ڕژێمی بەعس، بەناوی خوازراو لە ڕۆژنامەکانی دەرەوەی ولات نوسین و وتاری بلاوکردۆتەوە لەوانە (خوێنکاری کورد، کوردستان، ولات، بەندەران، سەردەمی نوێ، پەیام...هتد)، هەروەها لەسالی 1983 کۆمەڵەی خوێنکارانی کورد لە ئەوروپا، لقی (یوگۆسلاڤیای) زیندووکردەوە، لەسالی 1985بوو بەسەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا - یوگۆسلاڤیا، لەسالی 1984. 1985 سەرنووسەری گۆڤاری (خوێندکاری کورد)بوو کە لقی (یوگۆسلاڤیا)ی کۆمەڵەی خوێنکارانی کورد دەریدەکردو 9ژمارەی لێدەرچووە، سالی 1986بوو بەئەندامی سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا - ناوەندی پراگ، لەهەمان سالْ بۆ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (کوردستان) دەستنیشانکرا، لە 19/3/1988 نامیلکەیەک بۆ کارەساتی هەڵەبجە بەناوی (هێلانە وێرانەکەم) بلاوەدەکاتەوە، ڕەنجەڕۆ لەسالی 1989 دەبێتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ڕابیتەی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندانی دیموکراتی عیراقی لەولاتی چیک، پاشان دەبێتە بەڕێوەبەری بەشی کوردی ڕۆژنامەی (بەندەران)، لەسالی 1988تا 1992لەهەندێ ڕۆژنامەو گۆڤاری چیکی نووسینی بلاو دەکردەوە لەوانە ڕۆژنامەی (مالادا فرۆنتا، نارۆدی) و لەگۆڤاری (ژیفۆت، کفێتی، زاپیسنیک)، هەروەها لەسالی 1989 وەک مامۆستا لەچەند قوتابخانەیەکی شاری پراگ دەربارەی میژووی کورد وانەی پێشکەشکردووە، بەتایبەتی بۆ کارەساتی کیمیاباراتی هەڵەبجە و ئەنفال، هەروەها لەسالی 1990بۆ ماوەی شەش مانگ لە بەشی عەرەبی ڕادیۆی پراگ کاری کردووە، هەروەها لەسالی 1990بووەتە زمانحالی بەڕەی کوردستانی لە ولاتی چیک و نامەی سەرۆک مەسعود بارزانی دەگەینێتە سەرۆک کۆماری چیک (ڤاتسلاڤ هاڤێل)، لەسالی 1993لەڕادیۆی (سپێکتروم ئینتێرنشنالْ) لەشاری لەندەن بەهاوکاری دکتۆر (نەجم عەبدولکەریم) بەشی کوردی هەفتانە دەکاتەوەو بەڕێوەی دەبات.

هەنگاوەکانی خوێندن لای هونەرمەند ڕزگار ڕەنجەڕۆ

هونەرمەندو ڕۆژنامەنووس (ڕزگار ڕەنجەڕۆ) لەدەرەوەی ولاْت لە (پۆلۆنیا) بوو، بەڵام لەبەر ناهەمواری باری سیاسی ئەو ولاتە لەلایەک، لەلایەکی تر دژایەتی کردنی ڕژێمی ڕووخاوی بەعس بالْوێزخانەی بەعس دەرگاکانی خوێندنی لەسەر داخست، دووەم هەوارگەی ڕەنجەڕۆ لەولاتی (یوگۆسلاڤیا)، لەو ولاتە لەپەیمانگای فیزیوونی زمانی سربی و خرڤاتی لە شاری (نیش) خوێندووە دیپلۆمی بەپلەی باش بەدەستهێنا، هەر لەهەمان سالْدا لەهەمان پەیمانگا خولی فیزیوونی زمانی لاتینی دەستپێکردو 2 دیپلۆمی زمانی لاتینی بەدەست هێناوە، دواتر لەسالی 1983 - 1982 لەکۆلێژی ئەندازە بەشی پاراستنی کار دەستی بەخوێندنی بالا کرد، تا سالی 1985لەقۆناغی سێی کۆلێژ لەبەر کار و چالاکی سیاسی دژی ڕژێمی بەعس فاشی و پەیوەندی پتەوی (یوگۆسلاڤیا) بەڕژێمی بەعس لەو ولاتە دووبارەیەوە، سێیەم وێستگەو هەوارگەی ولاتی (چیکۆسلۆڤاکیا) بوو، لەسالی 1986 بەهاوکاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، ناوەندی پراگ لەڕێگای یەکێتی قوتابیانی جیهانی کورسی خوێندنی بالای بۆ جێبەجێکرا، لە زانکۆی (کارلۆڤۆ) کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەشی ڕۆژنامەنووسی لە شاری پراگ وەرگیرا، ئەوەبوو لە 1982 - 1986بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماجستێری لە کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەشی ڕۆژنامەنووسی بەدەستهێناوە، چوارەمین وێستگەی ڕەنجەڕۆ ولاتی بەریتانیا بوو، لەسالی 1992 - 1993لەشاری لەندەن، لەپەیمانگەی فیزیوونی زمانی ئینگلیزی بەشداری خولێکی یەک سالەی کردووە، لەپێنجەم وێستگەی ژیانی هونەرمەند و ڕۆژنامەنووس ڕزگار ڕەنجەڕۆ، ڕووی لەولاتی هۆڵەند کردووە، لەسالی 1996 - 2004خوێندن و فیزیوونی زمانی (هۆڵەندی) لە پەیمانگای کۆرسی زمانی هۆڵەندی، بۆ ماوەی چوار سالْ ئاستی یەک و دوو، سێ، چواری کە پێی دەوترێ سیتۆ بەدەستهێناوە، ڕەنجەڕۆ جگە لەوەی لە بواری هونەری کار دەکات مامۆستای زانکۆیە، ئەم مامۆستایە زۆر جیاواز لە هەموو مامۆستاکانی تر بەشێوازێکی ئەوروپی هەڵسوکەوتی لەگەڵ قوتابیەکانی کردووە نەوەک شێوازی کلاسیکی توانیویەتی قوتابییەکانی پڕ زانیاری بکات، وەکو مامۆستا و هاوڕێ لەگەڵیان بێت چەندین کۆڕی شیعری و سیمیناری زانستی بۆ قوتابیەکانی ئەنجام داوە، هەروەها توانیویەتی سەرپەرشتی چەندین توێژینەوەی قوتابیانی کردووە، توانیەتی بەشێوەیەکی باش سەرپەرشتی توێژینەوەکان بکات وسەرکەوتوبێت تیایدا، میژووی ژیانی ڕەنجەڕۆ جێگای شانازییە بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگاکەمان، هونەر پایەکی گرینگە لەکۆمەڵگادا هونەرمەندان هەمیشە جێگای شانازیمانن.

بەخشینی خەڵاتی شا قوستەنتین

خەڵاتی شا قوستەنتین، بەخشرایە هونەرمەندی گەورە ڕزگار ڕەنجەڕۆ لە ڕێکەوتی 27. 5/2014 /28لە فێستیڤالی یادی شا قوستەنتین لەولاتی سربیا لەشاری (لێسکۆڤاتس) سەرۆکی لیژنەی سەرپەرشتیاری فیستیڤالْ خەڵاتی شا قوستەنتینی بەخشیە هونەرمەندی گەورەی کورد دکتۆر ڕزگار ڕەنجەڕۆ، جێگای ئاماژەیە هونەرمەندە ناودارەکانی سربیا هەمان خەڵاتی هونەریان پێ بەخشرا، شایەنی باسە ئەوە دووەم جارە هونەرمەند ڕزگار ڕەنجەڕۆ لەهەندەران خەڵاتی هونەری پێ بەخشرێت، بۆ یەکەم جار لە ساتەتەنگە کانی کورد و کوردستان سالی 1988لەفیستیڤالی گۆرانی سیاسی جیهانی لە سۆکۆلۆڤ خەڵاتی شەرەفی گۆرانی سیاسی جیهانی پێ بەخشرا زۆر لەمیدیاکانی جیهان ئەو هونەرمەندە بە باڵوێزی هونەری کوردی دەنێن



بەدەملی.. بەتامترین شیرینی شاری ماردین



ئێستا بە شێوەی کلاسیکی بەدەملی بەرهەم دەهێنێت رایگەیاند کە ئەو تاکو ئێستا سەرقاڵی درێژەدانە بە پیشەی باپیری. یەرتوم ئەوەشی خستەڕوو کە بەدەملی ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە ناساندنی شاری ماردین و زیادبوونی جموجۆڵی گەشتیاری لە ناوچەکەدا و ئەو شیرینیەش خواست و داواکاریی زۆری گەشتیارانی لەسەرە.

یەرتوم زانیاری ئەوەشی دا کە ڕەنگی شینی بەدەملی دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگی داری لاهور، لەمبارەیەوە گوتی: "لەگەڵ مانەوەی زیاتر، ڕەنگەکەی سپی دەبێت. بەڵام ئەگەر ڕەنگەکە بۆیاخ بێت ئەوا هەمیشە وەک خۆی دەمێنێتەوە".

یەرتوم جەختیشی لەوە کردەوە کە ئەو بەرهەمە بە تایبەتی لە ڕۆژانی تایبەت و جەژنان داواکاری زۆری لەسەرە. ئەو شیرینییە بۆ زیاتر لە ١٥ ولاْت هەناردە دەکەین کە هەردوو ولاْتی فەڕەسا و ئەڵمانیا لە نێویاندایە

ئێستادا ڕۆژانە دوو هێندەی ڕێژەی ئاسایی بەرهەم دەهێنرێت. خەڵکی ماردین بە تایبەت، بەدەملی بەمەبەستی بەخشینی دیاری دەیکڕن و هەندێکجاریش پێشکەشی ئەو میوانانەی دەکەن کە سەردانیان دەکەن. محەمەد یەرتوم کە تاکو ئێستا بەدەملی کە لە کۆکردنەوەی بەروبوومی بادەم لە گوندەوارەکانی شاری ماردین دروست دەکرێت، بەبەدەملی لە تێکەڵکردنی شەکر لەگەڵ بادەمی پێگەیشتوو دروست دەکرێت، بۆ وەڵامدانەوەی خواستەکانی کڕیاریش لە



ڕانیا شانازی بە مێردەکانی دەکات

ڕانیا فەرید شەوقی کچی هونەرمەندی ناوداری میسری فەرید شەوقی، لە لێدوانێکی بۆ گۆڤاری هونەری سەیدەتی ڕایگەیاند: کەوا زۆربەی کچەکان و هونەرمەندان ئیرەیی بە مێردەکانمەوە دەبەن و غیرەم لێ دەکەن لەوەی هەموو ئەو کەسایەتیانەی دەبنە هاوسەرم، خەڵکانی دیارو بەناوبانگی ناو کۆمەڵگای میسرین، شایەنی باسە ڕانیا فەرید شەوقی بەر لە تامر سەواف، خێزانی مستەفا فەهمی بڕای حوسێن فەهمی بووە، بەر لەویش خێزانی کوری محەمەد عەوەزی گەورە کومیدی شانۆی میسری بووە، سەرباری مێردەکانی دیکەی، کە هەموویان خەڵکانی بەناوبانگ بوونە.

مۆبایلە زیرەکەکان دەبنە هۆی قەڵەویی



بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی نیویۆرک پۆست ئەنجامی توێژینەوەیەکی نوێی زانستی پیشانی داوە کە بەکارهێنانی بەردەوامی مۆبایلە زیرەکەکان دەبنە هۆی قەڵەویی ،نەخۆشی شەکرە و نەخۆشییەکانی دڵ. توێژینەوەکانی ڕابردوو پیشانی دابوو کە دانیشتن بۆ ماوەیەکی زۆر لە پشت کۆمپیوتۆەر بۆ تەندروستی زیانبەخشە . بە پشت بەستن بە دواین لێکۆلینەوە زانستییەکانی پەیمانگەی زانستی تەندروستی زانکۆی سیمۆن بۆلیڤار لە ڤەنزوئێلا بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەکیش دەبێتە هۆی قەڵەویی.

ئەنجامی توێژینەوەکان کە لەسەر تیمێک لە قوتابیان ئەنجامدراون پیشانی داوە ، ئەگەر قەڵەویی لە نێو ئەو گروپ قوتابیانەی کە ڕۆژانە زیاتر لە 5کاتژمێر مۆبایلی زیرەک بەکاردێنن ، بەڕێژەی 43لەسەدا زیاترە و ئەو کەسانە زیاتر لە کەسانی ئاسایی تووشی ژیانی ناتەندروست و نەخۆشیی دڵ دەبنەوە . بۆیە، زۆر بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەک هاوشێوەی بەکارهێنانی خواردنەوە شیرینەکان ، خۆراکی ئامادە کراو، شۆکۆلۆت و چەورەکان زیانی بۆ سەر تەندروستی هەیە. بۆیە، زۆر بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەک دەبێتە هۆی کەم جوڵەیی و مردنی ناوادە بە هۆی تووشبوون بە نەخۆشی شەکرە ، دڵ ، هەموو جۆرەکانی شێرپەنجە و ئێش وئازاری ئێسکەکان و ماسوڵەکەکان .

بەندێکی نهێنی لە نێوان مێسی و بەرشلۆنەدا هەیە
چ کاتێک مێسی ئازادە بیەوێت بەرشلۆنە جێبهێڵێت؟

هاوار مورتکەیی

رۆژنامەیەکی ئیسپانی بەندێکی نهێنی ڕێکەوتنی نێوان لیۆ مێسی و یانەی بەرشلۆنەی ئاشکرا کردووە کە ئەو ئەستێرەی ئەرژەنتین بۆی هەیە لە کۆتایی هەر وەرزێک یانەی بەرشلۆنە جێبهێڵێت و بروات.

رۆژنامەی ئیلباییسی ئیسپانی ئەوەی ئاشکرا کردووە کە مێسی لەوکاتەوەی لە ساڵی 2005بۆندی لەگەڵ یانەی بەرشلۆنەدا مۆرکردووە، و بۆندەکە تا ساڵی 2021، بەڵام لەنیو بۆندەکەدا هاتووە کە تا ئێستا هیچ دەزگا و شوینێک ئاشکرای نەکردووە، مێسی لەگەڵ کەتەلۆنیا واریککەوتووە کە بۆی هەیە لە 30حوزەیرانی هەموو ساڵێک یانەکە جێبهێڵێت، یانەی بەرشلۆنەش بۆیە ئەو بەندەی زیادکردووە چونکە پشت ئەستوورە بە وەفای مێسی بۆ یانەکە و ئەمەش ڕێزێکە بۆ ئەو یاریزانە کە هەرکاتێک بیەوێت کار بەو بەندە بکات و یاریگای کامپ نو جێبهێڵێت.

بەگوێرەی بەرنامەی کارۆسیل دیپۆرتیڤۆ، مێسی بۆی هەیە ئەو بەندە کارابکات کە بیەوێ بچێتە یانەیەکی دیکەی ئەوروپی، بە واتایەش مەرجێک هەیە و تایبەتمەندە بە ڕێکەوتنەکەی نێوانیان ئەویش هەر کاتێک مێسی بیەوێ بگەڕێتەوە ولاتەکەی و ئاواتەکەی بێنیتەدی بە یاریکردن لە ریزی یانەی نیو ئۆلد بویزی ئەرژەنتیمی.

رۆژنامەکە ئەوەشی روون کردۆتەوە کە ئەو بەندە نهێنییەی لە ڕێککەوتنی نێوان مێسی و بەرشلۆنەدا هەیە، بەندێکە تا ئێستا بەنهێنی لەنێوان هەردوولا پارێزراوە و نەیانویستووە ئەو بەندە لە ڕاگەیاندنەکاندا بروژێنرێت،



میدیا هۆکارێک بۆ خراپیی دۆخی وەرزشی ناوخۆ



ژیلا تەیفور

میدیا ی وەرزشی پردی بەیەک گەیاندنی نێوان وەرزش وانان و وەرزش دۆستان و گەیاندنی داواکاریەکاریەکانە بەلایەنی پەیوەندار، بوونی میدیای وەرزشی ڕۆلێکی گرنگ و بەرچاو دەبینێت لە ناساندن و گەیاندنی زانیاری وەرزشی نێوخۆیی و جیهانی.

تۆڕی میدیایی پێکدێت لە (پەخشی تی ڤی، ڕۆژنامە، سایت و سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان، پەخشی ڕادیۆیی)، بەڵام بەهۆکاری ئەوەی لەکورستاند زیاتر پشت بە بینراو و نوسراو دەبەستێت و جێی متمانەی وەرگرن تیشک دەخەمە گرنگی سەر بوونی ڕۆژنامە و تی ڤی لە میدیای وەرزشی کوردی.

لە ئێستای هەرێمی کوردستان بەداخەوە میدیای وەرزشی بەجۆرێک لە پاشەکشەدایە کە بڵاوکراوەیەکی ڕۆژانەی تایبەت بە وەرزش بوونی نییە، سااڵنی ڕابردوو چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاری تایبەت بەوەرزش دەرچوون کە ئەنجام و هۆکارو شیکردنەوەیان بۆ رووداوە وەرزشییەکان دەکرد سەرەڕای ناساندنی کەسایەتی وەرزشی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی و یاریپەکان.

پاشەکشەی میدیا تەنها لە چوارچێوەی ڕۆژنامەکان نییە تەنانەت تا ئێستا کەنااڵێکی ئاسمانی وەرزشی کوردی بوونی نییە، بەمەستی گرینگداندان و ناساندنی یانە و یاریزان و کەسایەتی و نوسەرو تەنانەت فێرخوازو بەهرەمەندە وەرزشییەکان.

ناساندنی یەکەکەی یاریپەکان و خستنەڕووی سوودە تەندروستی و دەرونیەکان فێرکارکاری و چۆنیەتی ئەنجامدانی،

بوونی کەنااڵێکی ئاسمانی وەرزشی کوردی بەمەستی گرینگداندان و ناساندن یانە و یاریزان و کەساتیەتی و نوسەرو تەنانەت فێرخوازو بەهرەمەندە وەرزشییەکان.

ناساندنی یەکەکەی یاریپەکان و خستنەڕووی سوودە تەندروستی و دەرونیەکان فێرکارکاری و چۆنیەتی ئەنجام دانی لە مااڵەوە یاخود شوێنە تایبەتەکان، هەروەها ناساندنی یانە و هەڵبژدە دەرکیەکان مێژووی دامەزرانیان باسکردن و شیکردنەوەی هۆکاری بەرەوپێش چونیان بۆ ئاستی ئێستا.

کەنااڵ گشتییەکان ڕۆژانە لە لەوەی 24 کاژمێر تەنها 1کاژمێر لە هەفتەیەکدا تەنها یەک بەرنامەی تایبەت بەوەرزش هەیە کە ئەویش زۆربەی کات بە شیکردنەوەی یاری خولی دەرەکییەکان و هەواڵ وگرێبەست و داتاو زانیاریی یانە یاریزان و ڕاهێنەرە بیانیەکان بەجۆرێک گرنگی بەیاری کالسیکۆ دەرێت یاریزانان دەخرێتە دڵی هەواداران و جل و بەرگیان لە بازارەکانی کوردستان پرفرۆش دەکرێت ،گەر 10%ی کالسیکۆ گرنگی بە یانە نێوخۆییەکان بدرێت و باسیان بکرێت ئێستا بەهای وەرزش و خۆشەویشتی و ڕێز بۆ یاریزانانی کوردستان لە لوتکە دەبوو، کوردستان پێویستی بە میدیای وەرزشی بەهێزە بەلایەنی کەم کەنااڵێکی ئاسمانی کوردی و ڕۆژنامەیەکی وەرزشی ڕۆژانە هەیە.

سۆپاس



ئیلینا سڤیتۆلینا خانمە تێنسزانی ئۆکرانی وێنەیەکی خۆی لە ئەکاونتی تایبەت بەخۆی لە ئینستاگرام بڵاوکردۆتەوە و سەرنجی خۆی بەچەند وشەیەک بۆ پاڵەوانێتی کراوەی ئەمریکای بۆ تێنسی ئافرەتان دەربڕیوە.

سڤیتۆلینا دوای دۆڕانی یاری کۆتایی ئەم پاڵەوانێتییە بەرامبەر سیرینا ولیامزی خانمە ئەفسانەی تینسی ئەمریکی، لە ئینستاگرام پۆستیکی کردووە تیایدا نوسیویەتی: (سوپاس، پاڵەوانێتی کراوەی ئەمریکی کە شتیکی خەیالی بوو)، ئەم خانمە تێنسزانە پێشتریش رایگەیاندبوو کە پاڵەوانێتییەکانی گراندسلام تام و چێژی تایبەتی خۆیان هەیە و لای منیش وەسف ناکرێت، هەربۆیەشە بە وشەیەک نوسیبووی سوپاس.

لەخولی نایابی تازەپێگەیشتووانی کوردستاندا:
هەولێر 6 جار تۆڕی ڕزگاری هەژاند و پێشەنگی یانەکانی گرت

ئا:سەرهەنگ ئەجمەدین
فۆتۆ: ئەردەلان هەولێری

لەسەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستان گەڕی یازدەمینی خولی نایابی تازەپێگەیشتووانی کوردستان سەرکەوتووانە بەرێوەچوو، لەیەکەمین یاریدا لەیاریگای یانەی وەرشی برایەتی ، هەردوو تیپی برایەتی و دەربەندیخان بەیەکگەیشتن، لەئەنجامدا تیپی خاوەن یاریگا توانی بەئەنجامی 3-0گۆڵ لەتیپی دەربەندیخان ببات‌ەوە و 3خاڵی لەسەر دەستی ئەو یانەیە مسۆگەر کرد، لەیارییەکی دیکەدا هەر لەشاری هەولێر و لەیاریگای فرەنسۆ هەریری/ 2یانەی هەولێر پێشوازی لەیانەی رزگاری کرد، یارییەکە لەبەرژەوەندی یانەی هەولێر کۆتایی هات، بەئەنجامی 3-6گۆڵ لەیانەی رزگاری ببات‌ەوە و 3خاڵی گرنگی دەستەبەرکرد و هاتە پێشەنگی یانەکان، لەلایەکی دیکەوە هەر لەیاریگای پێشمەرگەی هەولێر، پێشمەرگەی هەولێر وزاخۆ ڕووبەرووی یەکتربوونەوە، یارییەکە بەیەکسانبوونی هەردوولا بەگۆڵێک کۆتایی هات و هەردوولا بەخاڵێکی یارییەکە رازی بوون، هەروەها ئاشتی وسیروانی نوێ لەیاریگای ئاشتی بەیەکگەیشتن، لەئەنجامدا



یارییەکە بەبێ گۆڵ بۆ هەردوولا یەکسانبوون و هەریەکەو خاڵێکی یارییەکەی بەرکەوت، یاری نێوان دهۆک وپێشمەرگەی سلێمانی بەتاکەگۆڵێک هەردوولا یەکسانبوون، لەیاریگای بنەسڵاوە تیپی جیهان میواندارى لە زانکۆی جیهان کرد ، زانکۆی جیهان بەدوو گۆڵی خاوێن لەجیهانی بردەوەو 3 خاڵی گرینگی لەسەر دەستی ئەو یانەی دەستکەوت، بەمشێوەیە یانەی هەولێریش بەبردنەوەی لەرزگاری بە 23خاڵ پێشەنگی یانەکانی گرت.

×ڕێزبەند:
1- هەولێر 23خال
2- زاخۆ 21خاڵ
3- دهۆک 21خاڵ.

ئالڤێش بەگەڕانەوەی نایمار دڵخۆشە



دانی ئالڤێشی بەرگریکاری هەڵبژاردەی بەرازیلی هەست بەخۆشییەکی گەورە کرد کاتێک نایماری هاوڕێی گەڕایەوە ریزی هەڵبژاردەی ولاتەکەی و لەمیانیدا بەشداری یاریپە دۆستانەکەی کرد بەرامبەر کۆلۆمبیا کە 2-2گۆڵ یارییەکە تەواو بوو. لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئالڤێش گوتی: زۆر بەختەوەربووم بەگەڕانەوەی نایمار و لەوەش دڵخۆشتر بووم کە بەشداری ئەو یارییەی کرد و گۆڵیشی تۆمارکرد، هەمووان لە ئاستی نایمار رازین، ئێمەش لە هەڵبژاردەی بەرازیل نایمارمان زۆر خۆش دەوێت، هەرکاتیکیش ئەو یاریزانە بەئاستی خۆی دەربکەوێ، ئەوا ئاستی هەڵبژاردەی بەرازیل بەرز دەبێتەوە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Sun, 8. Sep. 2019 No: (5823)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

هەداسا یەشارون خانمە گۆرانییێژی ئیسرائیلی بەڕەچەلەک کورد لە دیمانەیەکی «خەبات»دا:

سەردانی کوردستان دەکەم و بەهەموو هێزمەوە هاوار دەکەم باوکە ئێستا لەماڵەکەی تۆم





دیمانە: هاوار مورتکەیی

هەداسا یەشارون خانمە هونەرمەندی ئیسرائیلی، کە لەدایک و باوکێکی کورد لەدایک بووە، ئومێڕ یەکێکە لە گۆرانی بێژە دیارەکان و چەندینی گۆرانی بەزمانە جیاجیاکان هەیە، لەنێویاندا چەندین گۆرانی بە زمانی کوردی هەیە، ڕۆژنامەی خەبات دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجامداوە و هەداسا تیشک دەخاتە سەر لایەنە هونەرییەکەی و خۆشەویستی بۆ هونەر و میللەتی کورد.

خەونی ئەو سەردانی زیدی باب و باپیرانیەتی

هەداسا یەشارۆن کە لە شاری بنیامینا لە ئیسرائیل لەدایکو باوکێکی کورد لەدایک بووە دەڵێت: باوکم لە نێرەی باشوور و دایکیشم لە شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە، بۆیە لەڕێگای هونەرەوە دەمەوێت خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلەکەم بکەم، لەوپێیەی من لە ئیسرائیل لە دایک بووبێ و زۆر بائاسانیش دەمتوانی گۆرانی بە زمانی عیبری بڵێمەوە، بەڵام دەمەوێ ڕێچکەی باوکم بگرم و بەگۆرانی، کلتور و زمان و هونەری کوردی زیاتر بەگوێی گەلاندا بچڕم، خەونی منیش ئەوەیە سەردانی کوردستان بکەم و بەدەنگێکی بەرزەوە هاوار بکەم بڵێم بابە وا لەمالێ تۆدام.

بەگۆرانی پشتگیری کوردی کردووە

دواتر ئەم خانمە هونەرمەندە لەبارەی هونەرەکەیەوە زیاتر گوتی: میوزیک بۆتە هەموو ژیانم و هەوڵمداوە بەچەندین زمان گۆرانی بچرم و تا ئێستا بەزمانەکانی کوردی، فارسی، عێراقی، ئێرانی، بەڵام ئەوکاتانە لەهەموو کات ئاسوودەترم کە گۆرانی بەکوردی دەڵێمەوە، چونکە زمانی دایک و باوکمە و کوردیش نەتەوەیەکە بەدرێژای سەردەمەکان هەر زوڵمی لێکراوە و ئاگاداری میژووی کوردم کە باشم لەبیرماوە باوکم هەموجار باسی مەینەتی و ئازارەکانی نەتەوەکەمی بۆ دەگێڕاینەوە، بۆیە هەموو کات ویستوومە بە گۆرانی و میوزیک باس لەو مەینەتی و ئازارانە بکەم کە بەسەر کورد هاتوون، هەمیشە لەڕێگای گۆرانییەوە داوای پشتیوانی گەلانی دونیام کردووە کە پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان بکەن، تا ئێستاش دوو گۆرانیم بۆ پێشمەرگە کلیپ کردووە، کە تا ئێستا بۆ سوپای ئیسرائیلم نەکردووە، هەمیشە حەزم کردووە پێشمەرگە بەهیز و سەرکەوتوو بێت.

هەداسا وێڕای خۆشەویستی بۆ گەلی کورد و هونەرەکەی دەڵێت: زۆرم حەز لە هەڵپەرکێی کوردیە و میوزیکی کوردیشم زۆر خۆش دەوێت، بەردەوام ئاگاداری هونەر و میوزیکی کوردیم و زۆر گوێش لە گۆرانیە کۆن و ڕەسەنە کوردییەکان دەگرم، پێم وایە کارێکی زۆرم کردووە کە لە ڕێگای هونەردە بیری سەربەخۆیی کوردستان بە گوێی جیهانا دابێنم، کورد لەهەرکوێیەک هەبێ پێویستە یەکگرتوو بن، چونکە بەبێ یەکگرتوویی هیچ ئامانجێک نایەتەدی، لێرەوە بەپێویستی دەزانم سلاوێکی گەرم بۆ ئازیزانم لە کوردستان بنێرم و پێیان دەڵێم خۆشم دەوێن.



ڕزگار ڕەنجەڕۆ گەڕانەوە بۆ ڕەگ و ڕیشە

(دیمانەیەک لەلاپەرە 14 بخوێنەوە)



قوتابیەکی کورد لە بەریتانیا دکتۆرای لەبارەی زانستی زمان وەرگرت


لە وڵاتی بەریتانیا و لە زانکۆی سەستیکس تاوتوێی نامەی دکتۆرای قوتابی بارزان شێخ جەعفەر شێخ عەلی بە پلەی نایاب قبوڵ کرا.

ناوەرۆکی نامەی دکتۆراکە بریتی بوو لە (زانستی زمان ئینگلیزی / فارسی) کە بووە جێگەی ڕەزامەندی لیژنەی هەڵسەنگاندن و بە پلەی نایاب توێژینەوەکەی قبوڵ کرا.

دکتۆر بارزان شێخ جەعفەر شێخ عەلی دەڵێت: توێژینەوەکەم هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆری ویست، بەڵام دڵخۆشم کە بە پلەی نایاب پەسەند کراوەو لە ئایندەشدا هەوڵ دەدەم ئەو زانستەی بەدەستم هێناوە لە خزمەتی نیشتیمانەکەم دابێت و بەشێک بم لە ڕەوتی بەرەوپێش بردنی زانستی زمان لەپێناو میللەتەکەمدا.

سلێمانی.. (ئیناس و پیاوەکانی خەلیفە) ناسێندرا





ڕێبوار هەورامی: دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان بە هەماهەنگی ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ، ڕۆژی پێنج شەممە 5ی ئەیلول، بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی کوردستان لە سیمینارێکی تایبەتدا ڕۆمانی (ئیناس و پیاوەکانی خەلیفە) ی ڕۆماننووس (شاخەوان برایم عەبدوڵا) ناساند ، ڕۆمانەکە لەلایەن نووسەرو توێژەر (دانا کەمال) خوێندنەوەی بۆ کرا و لەلایەن ئامادەبوانەوە گفتوگۆی هونەری و کۆمەڵایەتی و میژوویی لەسەر ڕۆمانەکە کرا، ڕۆمانەکە باس لە تاوانە دڕندانە و نامرۆڤانەی داعش دەکات لە شاری موسڵ و دەوروبەری.



دوژمنی گەل لە هەولێر نمایش دەکرێت

ئومێد بابان: شاکارێکی شانۆیی نووسەری جیهانی هینریک ئیبسن 1828-1906 کە بە باوکی شانۆی ڕیالیزمی دادەنرێت، لە شاری هەولێر کاری دەرهێنانی بۆ کراوە و نمایش دەکرێت، ئەویش شانۆگەریی دوژمنی گەلە، لەم شانۆگەرییەدا کە ژمارەیەکی فراوانی بەشدارانی لەخۆ گرتووە، دەستەیەک لە شانۆکارە گەنجەکانی شاری هەولێر ڕۆڵەکان بەرجەستە دەکەن و کارە هونەرییەکان ڕادەپەڕێنن. سەبارەت بەم نمایشە، دەرهێنەر ئەرسەلان دەڕوێش دەڵێت: شانۆگەریی دوژمنی گەل کە لەساڵی 1882دا بڵاو بووەتەوە لە ڕێگای بابەتی پیسبوونی ئاوی شارێکی باکوری ڕۆژهەلاتی نەرویژەوە، پرسی نغرۆبوونی ویژدانی خەڵک لە نێو زەلکاوی بەدمۆراڵی و پشت لە ڕاستیکردن و ملدان بۆ ستەم و چەواشەکاریی دەسەلاتداران دەخاتە ڕوو. جێی باسە، شانۆگەریی دوژمنی گەل یەکێک لە بەناوبانگترین دەقەکانی نووسەری مەزنی نەرویژی هینریک ئیبسنە ، کە لەم کارەدا دەستەیەک لە شانۆکارە گەنجە ئەکادیمییەکان بەشداری دەکەن و کارە هونەرییەکانی ڕادەپەڕێنن، کە بڕیارە لە ڕێکەوتی 9ی ئەیلوولەوە ڕۆژانە کاتژمێر 5ی ئێوارە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر نمایش بکرێت.

